# ئارکیۆلۆژیا و ڕۆمان

## ڕۆمانی (نەوەکانی مادایی) بەیان _ سەلمان بە نموونە

**د. کەیفی محەمەد عەزیز**
بەشی کوردی / فاکەڵتی ئاداب/ زانکۆی سۆران

**پ. ی. د. کارزان محسن قادر**
بەشی کوردی / کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت /زانکۆی سەلاحەددین

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە لە ژێر ناونیشانی (ئارکیۆلۆژیا و ڕۆمان)ە، ڕۆمانی نەوەکانی مادایی بەیان سەلمان بە نموونەی توێژینەوەکە وەرگیراوە. مرۆڤ بە سروشتی خۆی هەمیشە بەشێکی ژیانی بە ڕابردووەوە پەیوەستە. لێرەوە ئارکیۆلۆژیا و ڕۆمان هەمان ئەو ڕابردووە، لە ڕێگەی ئامراز و کەرەستەکانی خۆیانەوە، ئەو وێنەیە دەسازێنن. زۆرێک لە ڕۆماننووسان، ئاواتەخوازن لە ئارکیۆلۆژیاوە، چیرۆکێک بەرهەم بهێنن، کەوا گوزارشتکەری ڕابردوو بێت، تیایدا بە شێوەیەکی کردارەکی گوزارشت لە یادەوەرییەکانی سەردەمێکی مێژوویی بکەن، ئەمەش یەکێکە لە هونەرسازی، کەوا لەنێوان ڕابردوو و ئێستادا پەیوەندییەک دەسازێنێ، لەم نێوەندەدا پاشماوەکانی ئارکیۆلۆژیا وەک کەتوارێک خۆ دەنوێنن.

**وشە سەرەکییەکان:** ئارکیۆلۆژیا، وێنەخواستن، وێناکردنەوەی شوێن، سروشتی ژیان و ژینگەی بیرکردنەوە.

**پێشەکی**

ئارکیۆلۆژیا دونیای مەعریفە و نیشاندانەوەی وێنەی شوێنکاتێکە، سروشتی ژیان و ژینگەی بیرکردنەوەی کۆمەڵگە و نەتەوەیەکی لێوە دەخوێندرێتەوە. ئارکیۆلۆژیا ئەگەرچی مێژووێک سازاندوویەتی، هەر خۆشی مێژووێک دەسازێنێت، ڕۆڵی لە نەخشاندن و وێناکردنی رابردوو و ئێستا و تەنانەت لە داهاتووش هەیە، لەبەرئەوەی ئامراز و هزر و دەستڕەنگینی مرۆڤی پێشین لە پشتییەوە حیکایەت و گێڕانەوەی تایبەت بەخۆی هەیە. بە هەمان شێوەش ڕۆمان هەمان ئەو ئەرکە لە ئەستۆ دەگرێت، کەوا لە ڕێگەی گێڕانەوەکانییەوە بۆ شوێنکاتێک دەمانباتەوە، تیایدا ئاوەز و دونیای مرۆڤی پێشینمان بۆ دەردەخات.

**هۆی هەڵبژاردنی بابەت:** بۆ گرنگیی ڕۆمان دەگەڕێتەوە، بەشێوەیەک توانیویەتی زانستە جیاوازەکان لەخۆبگرێت، هەر بۆ نموونە ئارکیۆلۆژیا یەکێکە لەو بابەتانەی ڕۆمان لەخۆیدا تەوزیفی کردووە، ئەم جۆرە تەوزیفکردنەش بۆتە کەرەستە و کاڵایەک بۆ توێژەران.

**سنووری لێکۆڵینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوەی ڕۆمانی کوردیدا دەخولێتەوە، ڕۆمانی نەوەکانی مادایی (بەیان سەلمان)ی، بە نموونەی پراکتیزەکراوی توێژینەوەکە هەڵبژاردووە.

**ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا، ئامانجمان خستنەڕووی ئاستی داهێنانی ڕۆماننووسانی کوردە، بە تایبەتیش ئەو ڕۆمانەی بۆ توێژینەوەکە وەرگیراوە، کەوا بەشێوەیەکی هونەرییانە لە دووتوێی ڕۆمانەکەیدا، ئارکیۆلۆژیای لەخۆدا جێکردۆتەوە. ئەوەی تاوەکو ئێستا ئێمە زانیبێتمان لێکۆڵینەوەیەکی وا لە بواری ئەدەبدا لەسەر ئەم بابەتە ئەنجام نەدراوە.

**گیروگرفتی لێکۆڵینەوە:** ئەوەی لەم لێکۆڵینەوەیە بووە گرفت، ئەوەبوو کەوا کۆمەڵێک چەمک و زاراوەی نێو زانستی ئارکۆلۆژیا بوو، کەوا لە زمانی کوردیدا زۆر بە زەحمەت دەتوانرا بە کوردی بکرێت.

**میتۆدی لێکۆڵینەوە**:ئەمتوێژینەوەیەلەژێررۆشناییبەرنامەرێژیوتێروانینەکانی (میشێلشانکیس)دایە،هەربۆئەممەبەستەشخوێندنەوەولێکدانەوەوشیکارییەکانیئێمەش هەرلەم چوارچێوەیە سەرچاوەی گرتووە.

**ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە:** ئەم توێژینەوە لە دوو بەش پێکهاتووە، تیایدا لە بەشی یەکەم بەشێوەیەکی تیۆری پێناسەی ئارکیۆلۆژیا وەک زانستێکی سەربەخۆ کراوە و لە چییەتی و ماهییەتیشی کۆڵدراوەتەوە، پاشان پەیوەندیی نێوان ئارکیۆلۆژیا و رۆمان نیشاندراوەتەوە، دواتر ئەو پەیوەندییانەش دەستنیشان کراون، کەوا ئارکیۆلۆژیا و رۆمان بەیەکەوە دەبەستنەوە. لە بەشی دووەم رۆمانی (نەوەکانی مادایی)، لە چوارچێوەی تێگەیشتنی بەشی یەکەم بە مەبەستی پراکتیزەکردنی وەرگیراوە. لە کۆتاییدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان بەپێی ریزبەندی پیتەکان، ریزکراون. لێرەشەوە دەکرێ ئاماژە بەوە بدەین، کەوا بۆ دەستکەوتنی زۆربەی سەرچاوەکان سوود لە ئەنتەرنێت وەرگیراوە.

## بەشی یەکەم
## چەمک و زاراوەی ئارکیۆلۆژیا

بۆئەوەی لە چەمک و زاراوەی ئارکیۆلۆژیا بکۆڵینەوە، ئەوا سەرەتا بە پێویستی دەزانین ئەوە روونبکەینەوە، کەوا زاراوەی ئارکیۆلۆژیا، زاراوەیەکی بەگرێ و گۆڵە. دەشێ بە زیادکردنی هەر پێشگرێگ یاخود پاشگرێکەوە بۆ چەند لقێکی دیکەی زانست بمانباتەوە، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ فراوانی چەمکی ئارکیۆلۆژیا. بۆ نموونە (فۆکۆ) لە کتێبەکەیدا بە ناوی (ئارکیۆلۆژیای زانین)، گەڕانێکی قووڵی فەلسەفی بە دوای چەمکی زانیندا کردووە. پێیوایە ئەم چەمکە(ئارکیۆلۆژیا) وەک هەر چەمکێکی دیکە لە ڕوخساردا، ئاسایی خۆی دەنوێنێ، بەڵام لە ناوەڕۆکدا هەڵگری کۆمەڵێک دەلالەتی قووڵە(Smith, 2002, 151). پاشان لە ئارکیۆلۆژیادا، چەندان ئایکۆنی شێوە کارکردن هەیە، دواجار دەتوانرێ ئەم شێوە کارکردنانە بۆ پسپۆری کارکردنی ئارکیۆلۆژست بەکاربێت. لە ئەنجامی بەدواداگەڕاندا لە نێو فەرهەنگەکانی زمانی کوردی و پاشان زمانی ئینگلیزیدا، چەمکی شوێنەوار (شوێنەوارناسی) لە زمانی کوردی هاوواتا دەبێتەوە بە چەمکی ئارکیۆلۆژیا لە زمانی ئینگلیزیدا، وە بە پێچەوانەکەشی راستە. بەڵام کێشەیەک هەیە لە زمانی ئینگلیزیدا چەندان چەمک هەن سەر بە دونیای بیرکردنەوە و تێڕامانی جیاوازن، کەچی لە زمانی کوردیدا بۆ هەموان چەمکی شوێنەوار بەکاردێت، بۆ نموونە چەمکی (Ancient Monument)، (Relic)، (Ruins)، (Heritage) (Remints)، (old). لە هەموو ئەوانەش گرنگتر ئەوەی وایکرد سەرنجمان بۆ چەمکی ئارکیۆلۆژیا ببات ئەوەبوو کەوا لە زمانی ئینگلیزیدا چەمکی(Fossils)ە، کە بە واتای شوێنەواری (بە بەردبوو)دێت، ئەمەش بۆ شوێنەواری ئەو گیاندارە بە بەردبووانە دێت، کەوا زەمەنێک ژیاون و پاشان لەناوچوون. بۆیە ئێمەش بۆ ئەوەی ئەو چەمکە تێکەڵ بە چەمکی شوێنەوار نەکەین، بە باشمانزانی هەمان ئەو چەمکەی نێو

زمانی ئینگلیزی(Archaeology)، بەکاربهێنین، کەوا پتر لە چەمکەکانی دیکە ڕەهەندی مەعریفی و ماددیی پاشماوەی مرۆڤی کۆنی هەیە. سەرباری گەڕانێکی ورد لەبارەی بەکارهێنانی ئەم چەمکانەی سەرەوە، دەتوانین بڵێین، بەکارهێنانی هەریەکێکیان دەوەستێتە سەر چۆنیەتی بیرکردنەوەی توێژەر لەمەڕ پێشکەشکردنی ئەو باس و بابەتانەی مەبەستیەتی لە دووتوێی توێژینەوەکەیدا باسی بکات، بۆیە ئێمەش وامان بە باشزانی چەمکی ئارکیۆلۆژیا کەوا ڕەهەندێکی گشتگیرتر و جیهانی هەیە، لە بری چەمکی شوێنەوار بەکاربهێنین.

واژەی ئارکیۆلۆژیا، لە وشەی یۆنانی(ئارکیۆ archaeo)، کەوا بە مانای کۆن(لۆژی logos)، بە واتای زانین یاخود زانست دێت، بۆیە ئارکیۆلۆژیا ئەو زانستەیە لە ڕێگەی کەرەستە جێماوەکانەوە، لەو ڕابردووە دەکۆڵێتەوە، کەوا سەردەمانێک مرۆڤی تێدا ژیاوە ( Renfrew, Bahn: 2005,p3، هەروەها لە فەرهەنگی لۆنگمان (LongMan)دا، سەبارەت بە مێژووی ئەم چەمکە(Archaeology) و هاتنەناوەوەی بۆ زمانی ئینگلیزی، بۆ ماوەی سەدەکانی پازدە و شازدەی گێڕاوەتەوە(https://www.ldoceonline.com/dictionary/archeology). بە هەمان شێوەلە زمانی کوردیدا زاراوەی ئارکیۆلۆژیا بە هەمان ئاماژەی سەرەوە گوزارشتە لە کەلوپەلە جێماوەکانی سەردەمانی پێشوو، لەگەڵ ئەوەشدا لەخۆگری دیوی زانین و مەعریفەی سەردەمەکانە، بەو مانایەی ئەوەندەی باس لە شتە ماددییەکانی سەردەمەکان دەکات ئەوەندەش زیاتر لەخۆگری دیوە مەعنەوی و مەعریفییەکانە. مەسعوود محەمەد ئارکیۆلۆژیای بەرامبەر شوێنەوار بەکارهێناوە، پێیوایە پێکهاتەی چەمکی شوێنەوار لە زمانی کوردیدا بەم شێوەیە کەوا شوێن، وشەیەکی فرە واتایە، یەکەم/ نیشانەیەکی بەجێماو لە کەس یان کەسانی ڕۆیشتوو، یان نەماو لە شوێنێک دەگەیەنێت. دووەم/ بە واتای

کاریگەریش دێت وەک شوێندانان لەسەر شتێک. سێیەم/شوێن: جێگە و مەکان. چوارەم/شوێنێ دەگرێتەوە(محەمەد،٢٠١١، ٣٣٣).

### چییەتی ئارکیۆلۆژیا

بۆئەوەی وێنەیەکی هاوکۆیی ئەدگاری مرۆڤ و ئاکاری مەعریفی لە مێژووی ڕابردوویدا بە دەست بهێنرێت، ئەوە ئارکیۆلۆژیایە ڕۆڵی لە پێکەوە کۆکردنەوەی وێنەکاندا هەیە، ئەمەش لە ڕێگەی پێکەوە گرێدانی ئەو زانست و زانینە باوانەی، کەوا لە سەردەمەکەدا باوی بووە، ئەو تێدا خوێندنەوە هاوکۆییە دەستەبەر دەکەن، ئەمەش پتر لە ڕێگەی هەڵکۆڵین و گەڕانی بەردەوامی ئارکیۆلۆژست و شوێنەوارناسانە، کەوا پشت بە بەڵگەنامە ماددییەکانەوە دەبەستێ. (د. عومەر جەسام ئەلعەزاوی) لە کتێبی (کورتەیەک لەبارەی شوێنەوارناسی)، کەوا(عەبدوڵڵا خورشید) وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی ، بەمجۆرە چییەتی ئارکیۆلۆژیای ڕوونکردۆتەوە و دەڵێت: (زانستی تۆمارە بێدەنگەکانە، لێکۆڵینەوە لە ژیانی مرۆڤی کۆن دەکات لە چوارچێوەی هەموو ئەو شتانەی کە مرۆڤ لە دوای خۆی جێهێشتووە لە شوێنەوار و بەڵگەنامەکان، کە سروشت و کارلێکی ئەو مرۆڤە ڕوون دەکاتەوە) (ئەلعەزاوی، ٢٠٢٠، ٣٤). پاشان فیلیپ تونەر(Philip Tonner) لە کتێبی (هەڵکۆڵینی هایدیگەرانە، ئارکیۆلۆژیا و مردن)، سەبارەت بە چییەتی ئارکیۆلۆژیادا وای بۆ چووە، (توێژینەوەیە لە کەرەستە جێماوەکانی ژیانی مرۆڤ و چالاکییەکانی، جادەشێ کەلوپەل و ئامرازەکان دروستکراوی دەستی مرۆڤ یاخود بەردە نووسراوەکانیان بن، کەوا مرۆڤی سەردەمانی پێشین بۆ کار و ژیانیان بە کاریان هێناوە)(Tonner,2018, 23). لێرەوە لەوە تێدەگەین کار و بەرهەم و چالاکییەکانی مرۆڤ لە ڕێگەی بەرهەمە ماددییەکانەوە دەناسرێتەوە و دەشێ وەک بەڵگەیەک ئاماژەی پێبکرێت. کەرەستە جێماوەکان و

چالاکی مرۆڤ لە ڕۆژگاری خۆیدا، چیرۆکێک لە پشتیەوەیەتی، دووبارە زیندووکردنەوە و بەرچاوخستنەوەی گێڕانەوەی چیرۆکەکان، یەکێکە لە بەهادارترین ئەو لێکدانەوانەی بۆ کەرەستە و ئامرازەکانی سەردەمێک دەکرێت.

لە هەمان کاتدا، چییەتی ئارکیۆلۆژیا ئەوەش لەخۆ دەگرێت، کەوا دەشێ لە ڕێگەی شتە داهێنراوەکانەوە، لە بارەی سیستەمی مەعریفی سەردەمێک لە سەردەمەکانی ژیانی کۆمەڵێک خەڵک، زانیاری و ئاشنایەتی پەیدا دەکەین. بۆ ئەو مەبەستە پرۆفیسۆر ( P. Bhaskar Reddy)، بەم شێوەیە ئارکیۆلۆژیای ناساندووە و پێیوایە: (جەخت لەسەر توێژینەوەی مرۆڤەکانی ڕابردوو دەکات، لەڕێگەی خووڕەوشت و ژیانی پێکەوەییان و دۆخی کەلتووری و ژیانی کۆمەڵایەتییانەوە، هەوڵدەدات چۆنیەتی گوزەران و ژیانیانمان بۆ دەربخات) (Reddy, 2017,p2). واتە لێرەدا لە ڕێگەی پرۆسێسی ماددییانەوە، ئارکیۆلۆژیا گوزارشت لە ئاوەزی مرۆڤ دەکات، بۆیە مرۆڤ لە ڕێگەی داهێنراوەکانییەوە، ئامرازی ڕامکردنی واقیعی ژیانی خۆی فەراهەمکردووە. چۆنیەتی ژیان و گوزەرانی مرۆڤی سەردەمانی پێشین لە ڕێگەی کۆکردنەوەی پارچەی شوێنەواری و پاشان ڕاڤەکردن و لێکدانەوەیان، شوێن و تێدا مانەوەی ژیانی کەسەکانمان بۆ ڕوون دەبێتەوە. هەر سەبارەت بە چییەتی ئارکیۆلۆژیا، بریان ئێم فەگان(Brian M.Fagan) و نادیە دورانی (Nadia Durrani)، لە کتێبی کورتەیەک لەبارەی ئارکیۆلۆژیا، دەڵێن: ((ئارکیۆلۆژیا گەشتێکمان پێدەکات، تیایدا باسوخواسی تاک و گرووپی خەڵکیان تێدا دەگێڕدرێتەوە، لەوەش زیاتر هەوڵی ڕوونکردنەوەی گۆڕانکاری گەورەی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی لە ڕابردوویەکی دوور دەدات)) (Fagan and Duurani,2016, 3). ئەوی لێرەدا گرنگە ئەوەیە ئارکیۆلۆژیا وەک تۆمارێک سەبارەت بە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی هەموو کردەوەکانی

تاک و گرووپەکان لەبەر چاو دەگرێت، بەبێ ڕەچاوکردنی ڕەگەزی مرۆڤ، واتە نێر یاخود مێیە، بەمەش تەکنیکێک بۆ تێگەیشتن لە ڕابردوو دروست دەکات، بۆ ئەوەیە بچینەوە نێو ژیانێک، کە ئەو مرۆڤە کۆنانە تێیدا ژیاون.

**ئارکیۆلۆژیا و ڕۆمان:**

ئارکیۆلۆژیا لەڕێگەی پرۆسێسەکانی خۆیەوە بە دوو ئاستی تەواوکەری یەکتر کۆمەکمان دەکات، ئەوەش بۆ ئەوەیە کۆی وێنەی ژیان و مەعریفەی سەردەمێک لە سەردەمەکانی ڕابردوو ببینین، لەم بارەیەوە پرۆفیسۆر پی. باهسکار ردی (P. Bhaskar Reddy)، ئەم دوو ئاستەیەمان بەم شێوەیە بۆ دیار دەکات:

یەکەم/ ئارکیۆلۆژیا لەڕێگەی ئامراز و کەرەستە جێماوەکانەوە خوێندنەوە بۆ پەیوەندییە ناوکۆییە ناوخۆییەکان دەکات (Reddy,2017, 2) دەشێ لە سەرنجدان و تێڕامانی دونیای ماددی و ئامرازە بەکارهاتووەکانیانەوە، هارمۆنییەتی ژیان و ژینگەی مرۆڤی پێشین نیشان بدرێتەوە وەک دەلاقەیەک لێیەوە بچیتە نێو دونیای تێدا ژیاوی ئەو نەتەوە یاخود مرۆڤانەوە، ڕەنگیشە هاتنەدەرەوەت ببێت بە مەحاڵ و ناچار بیت وەک موسافیرێکی خەیاڵاوی ڕێگە ناکۆتاکان بۆ هەمیشە بچیتە نێو دونیای ئەوان و لە سەفەری بیرکردنەوەیاندا بیت. بەسەر واقیعی سەیر و سەمەرەو سەودا سەربوونی عاشقان و مەرگ و فەنابوونیان بکەوینەوە. هەروەک کلیف گامبڵ(Clive Gamble) لە کتێبی بنەماکانی ئارکیۆلۆژی وای بۆ چووە، کەوا تۆپۆگرافیای شوێن، مێژوو، دابونەریت و باوەڕی ئایینی دەشێ بۆ سەر چەندین حیکایەت ببردرێتەوە(Gamble, 2001, 1).

دووەم/ لە ڕێگەی ئایدیای سەردەمەکەوە وەک میتۆدێک ڕۆڵی هەیە لە خوێندنەوەی داهێنراو و بەرهەمەکانی سەردەمەکە، ئەمەش

مەبەست لێی ڕوونکردنەوەی ڕاستییەکان یاخود ڕووداوەکانە (Reddy, 2017, 2). ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە، ئارکیۆلۆژیا وەک زانستێکی سەربەخۆ گەشەی کردووە و بووەتە ئەلتەرناتیفێکی دیکەی نووسینەوەی مێژووی ئایدیا، جا چ لە ڕێگەی گێڕانەوەی یادەوەرییەکانی میللەت و نەتەوە جیاوازەکان بێت یاخود لە ڕێگەی چیرۆکی ئایدیای پاڵەوانی سەردەمەکان بووبێت، بەمەش پاڵەوانی سەردەمە جیاوازەکانی ڕابردوویان نیشان داوەتەوە، بۆیە ((نوێترین ئاراستە لە لێکۆڵینەوەی ئارکیۆلۆژیدا، دروستکردنی گێڕانەوەیەکە، مەبەست لێی پەرەپێدانی زانیارییە لە بارەی ڕابردوو)) ( Darvill, 2003,p573). ئێمە هەموومان ڕاهاتووین چۆن دۆخێکی گێڕانەوەیی بۆ دیمەنەکان دروست بکەین، یاخود وێنە و ئارگیومێنتێک بۆ وێرانبوونی ناوچە و سەرزەمینەکان بسازێنین، بۆیە لەم دیدەوە میشێل شانکس هەمان شت دووپات دەکاتەوە و پێیوایە، ((ئارکیۆلۆژیا شێوازێکە بۆ بیرکردنەوە لە رابردوو)) (Shanks،2012, 22). دەبێت هەمیشە ئەوە بزانین، مرۆڤ لەگەڵ بەردەوامبوونی ژیانی لەسەر گۆی زەوی و هەروەها سەرەڕای پێشکەوتنی هۆکارەکانی بەرهەمهێنان و پێشکەوتنی دونیای زانیاری و ئامێرەکانی تەکنەلۆژی، هەمیشە پێویستی بەوە هەیە رابردووی خۆی بخوێنێتەوە و سەرنجی لێ بدات. پەرەدان بە هونەری گێڕانەوەی ئارکیۆلۆژیانە، خۆی لەخۆیدا پرۆسەیەکی داهێنەرانەیە و پتریش لەوە مەعریفییە، شتێکی سەیر نییە گێڕانەوە بەشێوەیەکی دیار، مانا و گرنگیی بۆ نەتەوە و کەلەپووری رابردوو لە ڕێگەی بینینی دونیای ئەو سەردەم و تێگەیشتن لێی، پەیدا دەکات.

لەم پێودانگەوە ڕۆمان وەک ژانرێکی سەربەخۆ هەمان ڕۆڵی ئارکیۆلۆژیا وازی دەکات بووەتە ئامرازی بەردیدە خستنەوەی ئەو رابردووە، جولیان ثۆماس(Julian Thomas) ڕای وایە ڕەنگ پێدانەوەی ئارکیۆلۆژیا لەنێو ڕۆماندا، بەوە خرۆشاوە کەوا هۆشیارییەکی

زانینخوازییە لە بارەی مرۆڤی سەردەمانی پێشوو(Thomas, 1996, 126). رۆمان دەتوانێت هەموو شتێک بگێڕێتەوە، لەم بارەوە حەمە سەعید حەسەن پێیوایە، ((رۆمان دوو گیانە بە کەلتوور و هەڵگری ئەو گەنجینە فیکرییانەشە، مرۆڤ بەرهەمی هێناون)) (حەسەن، ٢٠١٨، ٩)، کەواتە رۆمان بە فۆرمێکی تر وێنە و دەنگ دەبەخشێتە شتە شاراوە و پەنهانەکان، ئەمەش ڕامکردنی ئەو زەمەنە ونبووانەیە لە دیدی رۆمانەوە وێنەی پتر دەبەخشن بە ژیان. لێرەوە دەگەینە ئەوەی بڵێین ئەو جۆرە مامەڵەکردنەی رۆمان و ئارکیۆلۆژیا لەگەڵ یەکتر، ڕێگەمان پێدەدات بڕۆین بۆ ئەو شوێنەی کەوا ناتوانین بە جەستە سەفەری بۆ بکەین و، هەروەها بۆ رابردووی یاخود بۆ کات و ئامانجەکانی ئەو سەردەم و ئەزموونی ڕۆژانەیان بگەڕێینەوە. لەم ئاستەی نیشاندانەوەی ئارکیۆلۆژیا لەنێو رۆماندا تاک توانای بنیاتنانی دووبارەی شێوە ژیانی مرۆڤی پێشین و دونیای تێدا ژیاوی هەیە، ئەمەش لەوکاتەوە دەست پێدەکات، کەوا شوێنپێی کەس و شتەکان مەزەندەی ژیانی لەو شوێنەدا دەکرێت. (هاشم ئەحمەدزادە) لە کتێبی جیهانی رۆمان بۆ رای (کۆلبوژیۆسکا) گەڕاوەتەوە و هاتۆتە سەر ئەو باوەڕەی، کە هەموو پێکهاتە و ناوئاخنەکانی جیهانی دەرەوە، پاڵنەر و یارمەتیدەری هاتنەکایەی جیهانی ئاراستەکراوی ناو دەقن. ئەم پێکهاتانە بریتین لەو واقیعەی لە دەقدا رەنگ دەداتەوە(ئەحمەدزادە، ٢٠١٥، ٩). لە دەرەوەی بابەتە دووبارە هەڵبژێردراوەکان، بنەما و ڕەگەزەکان، رووداوەکان، دۆخەکان و کارەکتەرەکان لەگەڵ گونجان و پەیوەندییان بە کات، شوێن، ژینگە، گرێچن، ئایدیای چیرۆک و ئەو ڕێگە تایبەتییەی کەوا جەختی لەسەر کراوەتەوە بۆ باسکردنی شتەکان پاشان گونجان و پەیوەستبوونی کارەکتەرە، رووداوەکان، وێنە کێشانی تێکستەکە و چۆنیەتی خستنەڕووی، هەمووی لە ئەستۆی تەکنیکی نیشاندانەوەی زەمەن و زەمینێکی واقیعییە، کەوا رۆمان رۆڵی کارای لەم بابەتەدا

هەیە. پاشان هەر خودی ڕۆمان هۆکارێکە بۆ پەیوەندییەک کەوا بەرجەستەی دەکاتەوە لە ئەنجامی ئەو بەیەکەوە گونجاندنەی لە سەرەوە باسمانکردووە، شێوە تێگەیشتنێکمان بۆ دروست دەکات، کەوا ئارکیۆلۆژیا لەنێویدا باس و تەوەری سەرەکییە. بەو مانایەی هەر بابەتێک بگێڕدرێتەوە، جا زانستی بێت یاخود مێژوویی، ئەوا ئارکیۆلۆژیا خودی باسەکەی بەردیدە خستووە و لە دونیای تێڕامانی ئەوەوە سەرچاوەی گرتووە.

لێرەوە پەیوەندیی نێوان ڕۆمان و ئارکیۆلۆژیا لە ڕێگەی کۆمەڵێک ڕەگەز و بنەمایانەوە دەچنەوە سەر یەکتر، هەربۆیەش پەیوەندیی نێوان ئارکیۆلۆژیا و ڕۆمان، لەو کلاوڕۆژنانەوە سەرچاوە دەگرێت، کەوا بەردەوام ڕووداوەکانیان لە ڕابردوودایە، بەمەش لەو ڕێگەیەوە سیستەمێکی ئاڵۆزی گێڕانەوە بەرجەستە دەبێت و لەمەش زیاتر پەیامێکیش لەخۆیاندا هەڵدەگرن، بەوەی گەرچی ڕووداوەکان لە ڕابردوو ڕوویانداوە و بووەتە بەشێک لە یادەوەری، لە هەمانکاتدا بۆ ئێستا و ئایندەشە. جا دەشێ جۆرێک لەو دیرۆک و بەسەرهاتانەی ڕۆمان دەیگێڕێتەوە لە هەموو سات و کاتێکی دیارینەکراو ڕووبدەن، لەهەر جوگرافیایەکی ئەم سەر زەمینە بێت. ئەم شێوە نووسینە لەو بەرهەم و کارە ئەدەبییانەیە کە بەردەوام زیندوون و لەناو فەزای گێڕانەوەدا ژیانی دەق بە سیحرێکی تر وێنا دەکەن. ئێمە ئارکیۆلۆژیا بەکاردێنین وەک خاڵێکی پەیوەست بۆ دەرخستنی تایبەتمەندی ئەو شێوە نووسینەی ڕۆمان، بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە کەوا لە کۆتاییدا خاڵێک هەیە کۆی ڕۆمانەکە لە چواردەوریدا کۆ دەبێتەوە و بەیەکەوە گونجاندنی بۆ شتەکان دروست دەکات، ئەمەش لە ژێر ڕۆشنایی لۆژیکییانەی گێڕانەوەی شتە باسکراوەکانی پێشوو دەبێت. بەو مانایەی لۆژیکێک هەیە شتەکان بەیەکەوە کۆ دەکاتەوە، دۆخێکی قایلکەرانە بۆ بارودۆخ و شتەباسکراوەکان دروست دەکات.

بۆ ئەوەی ئارکیۆلۆژیا و ڕۆمان لە چەند پاژێک بەیەکەوە ببەستینەوە، ڕای میشێل شانکس وەک ئارکیۆلۆژست و نووسەر لەم بوارە بە هەند وەردەگرین، هەربۆیە میشێل شانکس(Michael Shanks)، سەبارەت بە ئارکیۆلۆژیا و ڕۆمان، پێیوایە لەم خاڵانەی خوارەوە تێکەڵکێشی یەکتر دەبنەوە:

**یەکەم/ وێنە خواستن(خوازە)**

لە ئارکیۆلۆژیادا، وێنە خواستن وەک پرۆسەیەکی گرنگی ئەم زانستە سەیر دەکرێت، لە کەرەستە و پاشماوە جێماوەکانەوە، وێنەیەک بەرهەم دەهێنرێت لەسەر بنەمای تۆپۆگرافیی شوێنەکە مەزەندەی بوونی ئەو شێوە وێنەخواستنە دەکرێت، ئەمەش کۆمەڵێک دەلالەت و ئاماژەی قووڵی هەیە، کەوا لە سیحری ناشوێنێک دەوەستێ و لە دونیای دەرەوەی نیشتەجێبوونی خۆت دەڕوانێ، کە بۆنی جوانی شتەکان و دونیای ژیان و دەیان شتی تری لێوە دێت، هەروەک میشێل شانکس وای بۆ چووە، وێنەخواستن لەنێو دونیای ڕۆماندا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەوا ئارکیۆلۆژیا لەنێوان وێنە خواستن و پاشماوەکانی رابردوو، پەیوەندییەک دەسازێنێ، کەوا کاریگەری لەسەر شێوەی دانەوەی زانیارییەکان هەیە، ئەمەش کاتێک نووسەر باس لە رووکاری شتە ماددییەکانی وەک قوللە، قەڵا، دەرگا و باڵەخانەکان....هتد، دەکات (Shanks،2012 , 145). لە کاتێکدا لە دونیا و سەردەمی ژیانی خۆیاندا، هەر شتێک وەک خۆی تایبەتمەندی خۆی هەیە، چونکە لە دونیای بیرکردنەوەدا، هیچ شتێک بە قەد وێناکردنی ئارکیۆلۆژیانە خودان پانتاییەکی جوگرافی و کەلتوور، مەزهەب و ئایین نییە. هەروەکو (جۆیس گێڵ) و هاوڕێکانی لە کتێبی ئەدەب و ئارکیۆلۆژیا، دەڵێت: ((ئەمە میتۆدێکە کە بە جۆرێک لە ئەدەبی ئارکیۆلۆژیدا وەسفی دەکات، کە تیایدا لەسەر بنەمای هەندێک زانیاری و کەمێک لە پێشبینیکردن،

گەشتت بۆ شوێنێک پێدەکەن بۆ ئەوەی لە پاشماوە جێماوەکانەوە دووبارە بنیادنانەوەی جیهانەکەی ببینی)) ( Gill, Mckenzie and Lightfoot, 2018, 2)، هەر بۆیەشە وێنەخواستن لە شێوە ئارکیۆلۆژییەکەیدا بە شێوەیەک جەنجاڵە تێکەڵبوون و تێکچڕژانی شتەکان دەئاڵۆزکێن، زۆرجار دەگاتە سنوورەکانی مەحاڵ چونکە تا بەیەقینی شتێک دەگەیت، شتێکی دیکەت لێوە دەردەکەوێت. ئەمەش بەهۆی ئەوەوەیە دەست گەیشتنە بە رابردوو، هەروەها دۆزینەوەی ئامرازێکە بۆ گێڕانەوەی چیرۆکی ڕەسەنیەتی و پەیوەستبوونە بە شێوەی ژیان.

سەرباری گشت هەوڵە ماندووکەرەکانی وێنە خواستن، ڕۆمان بە هەمان شێوەی ئارکیۆلۆژیا دیمەنێکی کاریگەر دروست دەکات، پتر شتومەک و دیمەنە لەبیرکراوەکانمان لە بیرەوەریدا دەهێڵێتەوە، لێوانلێوە لە شتومەکی بە وردی و بە هەستیاری چنراو، لەم نێوەندەدا هاوکێشەیەک دێتە کایەوە کەوا وێنە خواستن و وەرگێڕانی بۆ وشە ڕۆڵی سەرەکییان هەیە و دوو جەمسەری هاوکێشەیەک پێکدێنن، بە هاوسەنگکردنی ئەم دوو جەمسەرەش گوزارشت لە خودی وێنە خوازراوەکان دەکرێت، ((ئەم شێوە وێنە خواستنە، پێویستی بە بەهرەیەکی تایبەت و چاوێکی زۆر وردی گەرەکە بۆ وێناکردنەوەی شوێنە ئارکیۆلۆژییەکان)) (Gamble,2001, 81). وێنەخواستنی ئارکیۆلۆژییانەی نێو ڕۆمان، سەرباری وەسفکردنی دونیای تێدا ژیاوی مرۆڤی پێشین، ئەوا بۆن، دەنگ، تام و دەرەنجامی هەستەکانی دەست لێدانیش بە دەوڵەمەندییەک وەسف و وێنا دەکات، کەوا لە توانای هیچ ژانرێکی تری ئەدەبیدا نییە ئەم ئەرکە جێبەجێ بکات. لەم نێوەندەدا میشێل شانکس وای بۆ چووە کەوا، ئەم شێوازی وێنەخواستنەی نێو دونیای ڕۆمان لەنێوان نەریت و داهێنانەکانی مرۆڤی پێشین، بیرۆکەیەک بۆ شێوە ژیانی مرۆڤی سەردەمی ئێستا دروست دەکات، هەر بۆیەشە (جولیان ثۆماس) بۆ ڕای (هیگڵ) گەڕاوەتەوە و خواستن و

وێناکردنی دونیای تێدا ژیاوی تاک بە ((پرۆسەیەکی گرنگ و رۆحی زانیوە، پێشکەوتنی هەر کۆمەڵگەیەک پەیوەستە بەو هارمۆنیەتە گونجاوەی کایەکانی ژیان، چونکە لە کۆتاییدا هەموو لایەنەکانی دونیای تاک، لە هارمۆنیەتەوە، یەک پۆشییەک دروست دەکەن))( Thomas, 1996, 37). رۆمان لە رێگەی ئەم وێنە خواستنەوە، دەبێتە هۆی بینینی دیمەنێکی گشتی زەمەن و زەمینێک، بە وشە وێناکراوە، بەشێکی زۆری ئەو زانیارییانە لە ڕێگەی وێناکارییەوەیە و زۆر شتی تێدایە تەنها لە ڕێگەی وشەوە چێژیان لێوەردەگرین، بەمەش دەتگەیەنێتە قووڵاییەکی تێرامانی سەرسوڕهێنەر. لە کاتی خوێندنەوەی ئەم شێوە رۆمانەدا، چەندین دیمەن بە بەرچاومان تێدەپەڕن، وێنە بە شێوەیەکی زۆر تایبەت بەکاردێت، بۆ ئاماژەدان بە وەسفێکی دیاریکراوی بینراوی ئامانجێک یان هەستێک، بە تایبەت ئەگەر وەسفەکە ڕوون و تایبەت بێت،زیاتر بە وشە، دیالۆگی نێوان کەسەکان، گەمەکانی وشە، ناکۆکی، دژبەری یان بەو بیرۆکانەوە سەرقاڵ دەبین، کە لە چوارچێوەی ئایدیای رۆمانەکە شوێنی بۆ کراوەتەوە. لەم بارەیەوە (ئۆرهان پامۆک) سەبارەت بەم شێوە کارکردنەی بونیادی رۆمان دەڵێت: ((نووسینەوەی رۆمان، بریتییە لە دروستکردنی نیگار بە وشە و خوێندنەوەی رۆمانیش ئەوەیە بە وشەی کەسانی تر، لە هزری خۆماندا نیگار بەرجەستە دەکەین(شوانی،٢٠١٦، ١٠٧). کەواتە لێرەوە تێدەگەین رۆماننووسان، بە بەرجەستەکردنی وێنە، دیمەن و شتومەک، لە زەینماندا کاری خۆیان دەکەن. لەبری بەسەرهات یەک لە دوای یەک وێنەی لەبیرنەکراو بۆ خوێنەران دەکێشن و لەوێدا رۆماننووسێکی وێنە خوازە. هەست دەکەین هەندێکجار بە وشە و هەندێک جاری تریش بە وێنە بیر دەکەینەوە، زۆربەی جاریش لەمیانەوە باز بۆ ئەوی تریان دەدەین. ئەوەی لێرەدا مەبەستە ئەوەیە، کەوا ئەو وێناکردنانەی نێو رۆمانەکان لەبەرئەنجامی تێرامان و سەرنجدانی ئەو جێماوانەیە وەک بەرهەمی

تێفکرین و دەستکردییانەی لە رابردوو ماونەتەوە. لەبەر ئەوەی وێنەخواستن و پاشان جێکەوتەبوونی لەنێو رۆماندا بە پشتبەستن بە ئەزموونە سادەکانی ژیان و بەو ئەزموونە بیستراوانەی کە تەنانەت هەندێکجار لە کاتی روودانیاندا هەستیان پێناکەین، بەرەو پێشەوە هەنگاو دەنێت. ئەم شێوە مامەڵەکردنە بە پێداچوونەوە و زیندووکردنەوەی رابردوو بە مەبەستی ناساندنەوەی خەون و خولیای پێشین ناوزەد دەکرێت.

## دووەم/ وێناکردنەوەی شوێن

بەو مانایەی ئامادەیی و بوونی کۆمەڵێک خەڵک(نەتەوە)، لەسەر زەمینێک لە ڕێگەی ئارکیۆلۆژیاوە نیشان دەدەین. ئەوەی لێرەدا باسی دەکەین رەهەندی ناسیۆنالیزم و نەتەوەییانەی ئارکیۆلۆژیا نییە، بە قەد ئەوەی رەسەنیەتی و خودان ماڵی نەتەوەیەک لە زەمەن و سەرزەمینێک نیشان دەدات. نیشاندانەوەی شوێن لە تێگەیشتنی ئارکیۆلۆژیاوە، نیشاندانەوەی جوگرافیایەکە، کە تیایدا دونیای مرۆڤی لێوە دەرخراوە، ئەمەش بۆخۆی فرە جەمسەرە، لە سەرێکەوە ئەم شوێن و جوگرافیایە لە بەرەنجامی هەوڵ و کۆششی تاک لەلایەک و ئامرازە داهێنراوەکانی، بەپێی تێپەڕبوونی کات پەرەیسەندووە، چونکە ئەمە هەروا سادە نییە، کاتێک زەوییەکی بەتاڵ لە ڕێگەی چالاکییەکانی مرۆڤەوە دەشێ بگۆڕدرێ بۆ شوێن، چونکە ئەم زەوییە بەتاڵە لە سەرەتادا هیچ پلانێکی ئاوەدانکاری رەنگینەداوەتەوە، کاتێک شوێنێک وەکو شوێنی ئارکیۆلۆژی نیشان دەدرێتەوە، پەیوەندی بە ئاستی فرەیی بیرکردنەوەی مرۆڤ هەیە لەم شوێنە. بۆیە دەشێ ئارگیۆمێنتێک بسازێنین و بڵێین بۆئەوەی لە ڕابردوو تێبگەیت دەبێت لە شوێنەکان تێبگەیت.

لەوەتەی مرۆڤ هەیە بە گرنگییەوە لە شوێنی ڕوانیوە، ئەمەش بۆ ئەو کارلێکە بەردەوامەی دەگەڕێتەوە، کەوا بۆ گشت کایەکانی ژیانی لە هەوڵی سەوداسەریدا بووە. پتر لەمەش شوێن بایەخ و گرنگییەکی تایبەتی هەیە، وەکو چەقێک وایە گشت ڕووداوەکانی لە دەور دەخولێتەوە. لێرەدا ئەوەی گرنگە ئەوەیە، کەوا شوێن وەک تۆپۆلۆژییەک لەخۆگری ئەو ڕووداوانە بێت وەک واقیع لەو شوێنە ڕوویداوە، لەبەر ئەوەی ناکرێت ڕووداوێک یاخود چەند ڕووداوێک باسبکرێت و پەیوەندی بەو زەمەن و شوێنەوە نەبێت. لە دیدی میشێل شانکس(Michael Shanks)، لە وێناکردنەوەی شوێنی ئارکیۆلۆژیدا، پێویستە گونجاندنێکی تەواوەتی لە نێوان شوێن و ڕووداودا هەبێت، هەروەها سۆزێکی سەرنجڕاکێشیش دروست بکات، کەوا هەست بکرێت ئەم ڕووداوە لەم شوێنە ڕوویداوە(Shanks،2012, 146 ). لێرەدا، مانای ئەوە نییە شوێنێکی لەهیچەوە دروست کردبێت، بەڵکو هەر زانیارییەک دەیبەخشێ، لەچوارچێوەی واقیعی ماددییانەی زەمەن و سەردەمێک بەدەر نییە. لە وێناکردنەوەی شوێنی ئارکیۆلۆژی، لە شێوە گشتییەکەیدا تابلۆیەک دەنەخشێندرێت، تیایدا ژیانی کۆمەڵگەیەک، نەتەوە و ئایینێک خوڵقاندوویەتی. بۆیە بەر هارمۆنییەتێک دەکەوین، هیچ شتێک لەنێو ئەو هارمۆنییەتەدا ناشیرین نییە، هەموو هاوئاهەنگی و هاوکێشی و چوونەوە ناویەکی ئێستاتیکییانەی تێدایە. چونکە هەر سەردەمێک گوزارشت لەو ئەقڵیەتە دەکات کەوا کاریگەری بەسەر نەخشاندن و وێناکردنی ئامراز و کەلوپەلەکانەوە هەیە، لەمەش زیاتر دەتوانرێت سەردەمەکان لە ڕێگەی نیشاندانەوەی شوێنە شوێنەوارییەکان بناسرێنەوە. لەم بارەیەوە میشێل شانکس دەڵێت:((شوێنە ئارکیۆلۆژییەکان تەنیا پێکهاتەیەکی بونیادی چیرۆکی خەیاڵی یان ئەفسانەیی نین، بەڵکو زۆر گرنگن بۆ نیشاندانەوەی مێژووی ڕووداوەکان))(Shanks، 2012, 131 ). وێناکردنی شوێنی ئارکیۆلۆژی

مەبەست لێی، ئەتمۆسفێر و فەزایەکی سیحراویمان لەبەرچاو بەرجەستە ناکات، بەڵکو پەیوەستن بە زەمەن و زەمینێک، پاشان قووڵبوونەوە لە شتەکاندا دەبێتە مایەی خوڵقاندن و داهێنانێک، کە لە ئەنجامی کەشفکردندا جیهانبینییەکی نوێ دادەمەزرێنێ. لەم بارەیەوە کیفن گرین و تۆم مۆور(Kevin Green and Tom Moore)، پێیانوایە ((نیشاندانەوەی دیمەنی شوێنەواری، ڕێگەیەکە بۆ نیشاندانەوەی شوێن و تایبەتمەندی شێوە ژیانی فیزیکییانەی خەڵک و ئەو چالاکییانەی لە ژیانی ڕۆژانەیاندا ئەنجامیانداوە))(Green and Moore,1995, 51). لێرەوە ئەوەمان بۆ بەدەردەکەوێت، نیشاندانەوەو وێناکردنەوەی شوێن لە دیدی ئارکیۆلۆژیا جگەلە نیشاندانی ئەزموونەکانی واقیعییەتی ژیان، هەوڵدەدات ئەندێشە و بیروبۆچوون و جەوهەری ناخی شتەکان دەستنیشان بکات. مرۆڤ دەباتەوە نێو داهێنانەکانی سەردەمەکەی و پەیوەستی دەکات بە مێژووی ژیانیانەوە، ئەم بەرجەستەکردنەش جۆرێکە لە هونەر، لەمیانی وێناکردن و نووسینەوەی رابردووی بەرجەستە دەبێتەوە، ئەمەش مانای وایە جیاوازیی نێوان سەردەمە جیاوازەکانی ژیانی مرۆڤ نیشان دەداتەوە.

بەهەمان شێوە ئەم گرنگیی پێدانەی شوێن بۆ ڕۆمانیش دروستە، لەنێو ڕۆمانیشدا شوێن چەقی قورساییی بابەتەکانە و گشت ڕووداوەکان بە شوێنەوە ڕەنگڕێژکراوە، بە جۆرێک تەواوی گێڕانەوەی چیرۆکەکانی لەسەر هەڵێنجراوە. لە وێناکردنی شوێنی ئارکیۆلۆژییانەدا، پێوەندییەکی ئۆرگانیکی لە ڕێگەی تێڕامان و تێدامانییەوە لەنێوان بەرهەستی و مەنتیق، نابەرجەستە و بەرجەستە، تاک و کۆمەڵگەی تێدا ژیاوی وێنا دەکات. ئەم شێوە لە وێنا پێدان و بیچم گرتنە، داهێنانێکی هونەرییانەی ئەوتۆیە پشت بە مەعریفەی ڕۆماننووس لەمەڕ سەرنجدان و تێڕامانی ئارکیۆلۆژیا و ژیانی دێرینانەی مرۆڤ دەبەستێ. لەم بارەیەوە (گاستۆن باشلار) لە کتێبی شیعرییەتی شوێن( the poetics of

space)، دەڵێت: ((ئێمە بە زیندووکردنەوەی یادەوەرییەکان ئاسوودە دەبین، تاکە شتێکیش ئەو ئاسوودەییە فەراهەم دەکات، وێناکردنەوەیە، ئەمەش بەهایەکی رەسەنی خۆی هەیە)) (Bachelor,1994, p6). هەروەها گاستۆن باشلار، لەمەڕ رەنگدانەوەی ئارکیۆلۆژیا لەنێو تێکستی ئەدەبییەوە، وای بۆ چووە، ((وێناکردنەوەی ئارکیۆلۆژیا بنەمایەکی واقیعی هەیە و گوزارشتە لە سەردەمێک، وەک واقیع بوونی هەبووە، نووسەریش بەشێوەیەکی واقیعییانە وێناکردنەکە دەمەزرێنێ))
(Bachelor,1994, 36). لە ژێر رۆشنایی ئەم تێڕوانینەی گاستۆن باشلارەوە دەتوانین بڵێین وێناکردنی شوێنی ئارکیۆلۆژییانە لەنێو تێکستی ئەدەبیدا، خوێندنەوەیەکی زیندووە بۆ زەمەن و زەمینێکی لەنێوچوو، بەبێ ئەوەی دەسەڵاتی زیندوویێتی ژیان و بینینی دونیای شتەکانی ئەو سەردەمەمان بەشێوەی واقیعییانەی خۆی هەبوو‌بێت. بۆیە ئەم شێوە وێناکردنە بەرەو ئەو شوێنەمان دەبات، کە وەک بۆشاییەک ماوەتەوە و بۆتە پەراوێز، بێ ئەوەی ئێمەمانان لەو سەردەمەی ژیانی خۆماندا ئاگەداری ئەو پەڕاوێزخستنە بووبین. دونیای دروستکراوی نێو تێکستەکان شوێنە ئارکیۆلۆژییەکانیان بە جوانترین شێوە تێدا وێناکراوە، هەمیشە قابیلی قسە لەسەرکردن و راڤەکردن نەبوونە، ئەمەش ئەو راستییانە ناشارێتەوە، کەوا لەم تەرزە وێناکردنانەدا تێکست نابێتە سێبەری نووسەرەکەی، چونکە چۆنیەتی خستنەڕووی ئارکیۆلۆژییانەی نێو تێکستەکان، هیچ کاریگەرییەکی میتۆدی، هزری، تێڕوانین و بۆچوونەکانی بەسەر ئەو شێوە وێناکردنانەوە نییە. هەر بۆیەشە ئەم تەرزە نووسینە بە دەرە لەهەر دۆگمایەک و بۆچوونێکی پێشوەختە. (یاسین نەسیر) لە کتێبی (الرواية والمكان)، پێیوایە ((پێویستە لەنێوان شوێن وەک بوویەک و شوێن لە کاری هونەریدا هاوچەشنییەک هەبێت)) (نەسیر،١٩٨٠، ١٧). لە وێناکردنەوەی شوێنی ئارکیۆلۆژییانەدا بەر وێناکردنێک دەکەوین، کەوا

سیستەمێکی بەرفراوانی فیکری و ڕۆشنبیری و ئەدەبی لە پشتەوە بەدی دەکرێت، وەک زانیاری زۆر شتیان خستۆتە ڕوو، ئەمەش جۆرێکە لە هونەر، کەرەستەی تایبەتی خۆی هەیە، کە ئەویش پێوەندییەکی هونەرییانەی نێوان واقیعی ژیان، کەلتوور و داب و نەریت.....هتد، مرۆڤە، بەمەش ئەرکی سەرشانی ئەم جۆرە وێناکردنەوەیە ئەوەیە دونیای تێدا وەسفکراوە بەشێوەیەکی هونەرییانە وێنە بکێشێ. جا هەر لەبەر ئەوەشە شوێن وەک بابەتێکی ئارکیۆلۆژی، کەوا مرۆڤ لە سەردەمێکدا بەرهەمی هێناوە، دەبنە کەرەستەی جوانکاریی هونەر.

## سێیەم/ شێوەی ژیان و ژینگەی بیرکردنەوەیان:

ئەگەرچی بابەتی شێوەی ژیان و ژینگەی بیرکردنەوەی تێدا ژیاوی مرۆڤی پێشین، جۆرە ئاوەزمەندییەکی گەرەکە، پەیوەست بە دونیایەکی ئاڵۆز دەکرێت، لە پشت شتە دیار و نادیارەکانەوە وەستاوە، لە دەرەنجامی کۆی پەیوەندییە ئۆرگانییەکانی واقیع و بیرکردنەوەی ئەو سەردەم خۆی بەرجەستە دەکات. لە پەیوەندیدایە بە کۆمەڵێک ئاست، جا ئەو ئاستانەش دەشێ دۆخی ڕۆشنبیری، بیروباوەڕ، چۆنیەتی ژیان، دونیای بیرکردنەوەیان و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی ژیانیان بگرێتەوە، ئەمەش بۆخۆی جارێکی دیکە بەهۆی ئارکیۆلۆژیاوە دەبردرێتەوە نێو پەیوەندییەکی ڕێکخراو، کەوا هەموویان بەیەکەوە بەشێوەیەکی سیستەماتیزەکراو خۆی دەنوێنێ. چونکە ناشێ تەنها لە ڕێگەی ماک و پنتێکی بچووکی نێو دونیای ئارکیۆلۆژیانەی سەردەمێکەوە، بە شێوەیەکی دیاریکراو شێوەی ژیان و ژینگەی بیرکردنەوە دەستنیشان بکرێت، یاخود تخووبەکانی دیاری بکرێت.

سروشتی ژیان و ژینگەی بیرکردنەوەی مرۆڤی پێشین پەیوەستن بە دونیای ئارکیۆلۆژیا، ئەمەش بۆخۆی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پشت

به بیرکردنەوە و داهێنراوەکان دەبەستێت. بۆ ئەو مەبەستەش مرۆڤەکان لە قۆناغ و سەردەمی ژیانیاندا هەڵسوکەوتی تایبەت بەخۆیان نواندووە، ئەم هەڵسوکەوتانەش، لە نێوان پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و سروشتی جەستەی مرۆڤەکان هارمۆنییەتێکی دروستکردووە، بەو مانایەی کۆمەڵگە و ژینگەیان پێک گونجاندووە. هەر لەم روانگەیەوە میشێل شانکس وای بۆ چووە، (ئەبێت پەیوەندییەک لەنێوان شێوەی ژیان و ژینگەکەیدا هەبێت، ئەمەش بە دیوێکیدا دەرخەری بوون، بیر و زەینی تاکەکانە)(Shanks,2012, 146). لەم روانگەیەوە قسەکردن لەسەر شێوەی ژیان و ژینگەی تێدا ژیاویان، هەر تەنیا قسەکردن نییە لەسەر کنە و پشکنین و دۆزراوەکان، بەڵکو قسەکردنە لە وزە متبووەکان و دونیای بیرکردنەوەیان، بەمەش ئەو پەیوەندییەی نێوان بوون و ئارکیۆلۆژیا ناکەوێتە نادیارییەوە، لە پرۆسەی قووڵبوونەوە و تێدا خوێندنەوەی داهێنراو و ئامرازەکانی تری ژیانیانەوە، ئامادەیی بوونی خۆیان بەرجەستە دەکەن. تیشک خستنە سەر ژیان و بیرکردنەوەی مرۆڤ، ئەگەر لە سەرێکەوە مەبەست لێی ئامانجی پرۆسەی شوێنەوارناسی بێت، ئەوا لە سەرێکی دیکەوە مەبەست لێی بەدەستهێنانی زانیارییە لە رێگەی ئامراز و داهێنراوەکان کەوا وەک پاشماوە جێماون، ئەمەش هۆیەکە بۆ ناسینی کۆمەڵگە و ژینگەی بیرکردنەوە، جا دەشێ ژیانی سەردەمی ئێستامان و دروستکردنی مۆدیلەکانی ژیانی مرۆڤی ئەو سەردەم بەراوردکردنێک بسازێنێ. بۆ ئەم مەبەستەش میشێل شانکس ئەم رایەی سەرەوەی دووپاتکرۆتەوە و پێیوایە گێڕانەوەی چۆنیەتی ژیانیان و چۆنیەتی ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر مێژووی مرۆڤایەتیدا هاتووە. یاخود پێکهاتەی شارستانییەت، ئیمپراتۆرییەت و چۆنیەتی پەرەسەندن و گۆڕانکارییە مرۆییەکان، پاشان خەملاندنی ئەو هێزە مێژووییەی، کەوا بۆتە بونیادی ژیانمان و چۆنیەتی لەناوچوونی ئەو شارستانیەت و شێوە ژیانە.( Shanks, 2012,

22). واتە گێڕانەوەی مێژووی بیرە لە سەردەمی نوێدا، یاخود میتۆدی دەستڕاگەیشتنە بە رابردووی خەڵکە بۆ تێگەیشتن لە کوێوە هاتوون، ئەمەش دیمەنێکی زۆر سەرنجڕاکێشە. لە دیدی میشێل شانکس، هەمیشە ئەو گێڕانەوە ئارکیۆلۆژییانە، لە زەینی خوێنەردا پرسیاری ئەوە دروست دەکەن، کەوا نەریت و پاشماوەکانی پێشوو، ڕەگ و ڕەچەڵەک بەرباس دەخرێت، ئەمەش زۆربەی جار لەنێوان یادەوەری و لەناوچووندا خۆی دەبینێتەوە، ئەمەش لەنێوان لەدەستدان و یاخود بە ناتەواوی گێڕانەوەدا خۆی دەبینێتەوە. بێگومان گواستنەوەی ئەم بابەتانە لە پەیوەندیکردن بە ڕابردوو فەراهەم دەبێت.

بەشێوەیەکی سەرەکی مرۆڤ لە بەرهەمهێنانەوەی دابونەریتە کەلتوورییەکان وەک بەشێک لە شێوەی ژیان و ژینگەی بیرکردنەوە بەرپرسە، ئەم شێوەیە لە بەرهەمهێنانەوەی ئامرازێکە بۆ ئەوەی هەلی مانەوەی لە ژینگەکەیدا فەراهەم بکات. یەکێک لە زاڵترین بنەماکانی ئارکیۆلۆژیا، جەختکردنە لەسەر کەلتوور. بێگومان کەلتووری ماددی وەک بەڵگە بۆ بوونی تاکەکەس، یاخود گرووپە ئیتنی و رەگەزییەکان بەکارهاتووە، لەوەش زیاتر کەلتووری ماددی وەک دۆکیۆمێنتێک لە پرۆسەی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکانی سەردەمێک لە سەردەمەکان بەکارهاتووە. ئەم چەمکە پێویستە، هەر چەندە زۆربەی جار وەک پردی تێگەیشتن لە ڕابردوو، زانیاریمان پێدەدات، ئەمەش لە ئەنجامی لێکدانەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و گۆڕان لە دابونەریتی کۆمەڵایەتییانە و گۆڕانکارییە ژینگەییەکان. لە ڕوانگەی (جولیان تۆماس)ەوە، رەگەزە سەرەکییەکانی ئارکیۆلۆژیا (ئاوەز، جەستە، کەلتوور و ژینگەکەی)، نەخشە و پۆلینکارییەکمان بۆ دەکێشێت، کەوا پەیوەندییەکی ڕێژەییمان دەداتێ سەبارەت بە پێشکەوتنی هەر یەکێک لەم ڕەگەزانە. هەموو ئەمانەش بەشێوەیەکی دیار بەجۆری دابونەریت و خوویان پەیوەست دەکرێت(Thomas, 1996, 11). لێرەدا

ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت هەموو کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتی حەز دەکەن رابردووی خۆیان سەبارەت بە شێوەی ژیان و ژینگەی پێشوویان بزانن، بۆ ئەوەی لە ئێستای خۆیان بگەن و پلانێکیش بۆ هەنگاوهەڵێنانی پێشکەوتنیان بۆ داهاتوو دابنێن. هەموو تاکێکیش لە کۆمەڵگەدا خۆی بەخاوەنی ئەو رابردووە دەزانی، ئەوە ئارکیۆلۆژیا نییە وەک بەخشش ئەو رابردووە بەتاک ببەخشێت، بەڵکوئارکیۆلۆژیا خاوەن بەهایەکی ئەخلاقی لە ئەستۆدایە، ئەویش بە نیشاندانەوە و وێناکردنی ئەو بەها کەلتوورییانەی، کەوا لە رابردوو هەبوونە، رۆڵیشی هەیە لە بەیەکەوە گونجان و بەیەکەوە ژیانی گرووپ و ئیتنییە رەگەزییەکانیتر.

رۆمان بە هەمان شێوەی ئارکیۆلۆژیا، هەموو خەسڵەتەکانی شێوەی ژیان و ژینگەی بیرکردنەوەی لەخۆیدا شوێنی بۆ کردۆتەوە، لەم شێوە رۆمانەدا (ئەو رۆمانانەی لە گێڕانەوە و وێناکردندا باس لە دونیایەک دەکەن تێیدا ئارکیۆلۆژیا بە زەقی رەنگیداوەتەوە) وا هەست دەکرێت تۆمارێکی مێژووییە و ئەزموونی بیرکردنەوە و ژیانی سەردەمێکی تۆمارکردووە، لەبەر ئەوەی کۆمەڵە خەڵکێک یاخود نەتەوەیەک بەیەکەوە بەشدارن لە نیشاندانەوەی شێوەی ژیان و بیرکردنەوە. لەم بارەیەوە (عەلی عوسمان یاقووب)، لە کتێبی (رۆمان ژانری تەکنیکە جوانەکان)، بەم شێوەیە نیشانی داوەتەوە و دەڵێت: ((هەوڵ دەدات زەمەن و شوێنێک، لە مێژوویەکی دیاریکراوی ورد پشتبەستوو بە لێکۆڵینەوەیەکی هۆشیارانە دەربارەی رووداو و کارەکتەرە راستەقینەکان و دابونەریت و ئاخاوتن و جلوبەرگە کولتوورییەکان وەربگرێت، لەگەڵ چنینی بەهێزی چیرۆکەکەی و سایکۆلۆژیای دروست و بەجێی مرۆڤ تێکهەڵکێشیان بکات))(یاقووب، ٢٠٢١، ١٦١). لەم شێوە مامەڵەکردنەدا، رۆمان لەبەرگرتنەوەی خودی ژیان و بیرکردنەوەی راستەقینەی تاک و گرووپی کەسەکانە، کەوا بە وەسف و وێناکردنەوەیەکی ورد، بوون بە بەشێک لە بەسەرهاتی

ڕۆمانەکە. بەو مانایەی ئەم شێوە مامەڵەکردنەی ڕۆمان و نیشاندانەوەی ژینگەی بیرکردنەوە، سەر بە هۆشیاری سەدە و سەردەمێکی ترە، تیایدا بە لێهاتوویی و کارامەییەوە دونیای تێدا ژیاوی بەرجەستە کردۆتەوە. ئەمەش لەو ڕێگەیەوە کەوا کەلوپەل و ئامرازە داهێنراوەکان بەگۆ دەهێنرێت و لەو چوارچێوەیەدا چەندین پەیام بۆ سەردەمی ئێستای تێدا ژیانی مرۆڤی سەردەم پەخش دەکات و ئەو پەیامانەش ئاڕاستەی شێوە ژیان و ژینگەی بیرکردنەوەی ئێمەمانان دەکرێت.

سیما و خەسڵەتێکی تری نیشاندانەوەی شوێن و ژینگەی بیرکردنەوە لە نێو ڕۆماندا، کەوا ئارکیۆلۆژیا بنەمای بیرکردنەوەیەتی ئەوەیە نەریتی بیرکردنەوە پەرەپێدەدات و هەستی هەڵگرتن و پاراستنی ئەزموونی ژیان دێنێتە کایەوە، هەربۆیەش هەوڵدەدات هەموو شتێک ببینێ و لە هەموو کەسێک تێبگات، (هاشم ئەحمەدزادە) لە کتێبی گێڕانەوەناسیدا، دەڵێت: ((ئەدەبی گێڕانەوەیی بە مۆرکی ڕیئالیستییەوە هەموو دەمێ سووژەیەک بووە بۆ تاوتوێی ئاست و چەندایەتی تۆمارکردنی وەفادارانەی شێوازی واقیعیی ژیان. ئەگەر ئاستی ڕاست نوێنی بەرهەمێک ئاوێنەی تەواونوێنی واقیع بێت ئەوە دەق نوێنەرایەتی ڕاستەوخۆی دیاردەیەک، زەمانێک و شوێنێک بە تەواوی دەکات))(ئەحمەدزادە، ٢٠١٨، ٥٤_٥٥). ئەم شێوە مامەڵەکردنەی ڕۆمان و ئارکیۆلۆژیا، بەشێکی زۆری لە پاژی شێوەی ژیان و ژینگەی بیرکردنەوە خۆی دەبینێتەوە، چونکە تەنها ژینگەی بیرکردنەوەیە دەتوانرێت وەک ئەو واقیعەی سەردەمی تێدا ژیاوی مرۆڤی پێشین وەکو خۆی و بەبێ دەستکاری و تێکەڵهەکێش کردنی بە ئایدیای دیکە بنەخشێنرێت. بۆیەش لەنێو ئەم شێوەیەی ڕۆماندا هەستی چێژ وەرگرتن لە ڕەهەندە مرۆڤایەتییەکەی پەرەپێدەدات.

## بەشی دووەم

ئەم ڕۆمانە هاوشێوەی تێگەیشتنی ئارکیۆلۆژیا، سەردەم و زەمینێکمان لە ڕێگەی گێڕانەوەوە لەسەر بنەمای تێدا ژیانی مرۆڤی ئەو سەردەم بۆ دەخاتە بەر دیدە. بابەتی ئەم تێکستەی کەوا وەک پراکتیک وەرگیراوە، لە ڕێگەی بە ڕیوایەتکردن و گێڕانەوەکانیدا، لە چوارچێوەی پرەنسیپ و بنەما ئەدەبییەکانی نووسینی ڕۆماندا، توانیویەتی بابەتییانە بۆ سەر زەمین و زەمەنی مرۆڤی سەردەمانی پێشوو بمانباتەوە، ئەمەش لە ڕێگەی ئەو گوزارشت و دەربڕینانەی لەنێو خودی دەقەکەدا شوێنی بۆ کراوەتەوە. ئەوەی مایەی سەرنج و تێڕامانە وننەبوونی نیشاندراوەکانی زەمەنی تێدا ژیاوی مرۆڤی پێشینە، ئەگەرچی شێوازێکی تایبەت بەنیشاندانەوە و وێناکردنی ئارکیۆلۆژییانەی سەردەمەکە دراوە، دەلالەتی پێکەوە گرێدان و پێکەوە گونجانی نێوان دوو زانست و دوو کایەی جیاوازە، ئەمەش لەخۆیدا ماهییەت و گرنگیی ڕۆمان نیشاندەدات، کەوا دەتوانێت زانستەکانی تریش لەخۆیدا جێ بکاتەوە. ڕۆمانی نەوەکانی مادایی، یەکێکە لەو تێکستانەی هەڵگری پرەنسیپ و بنەماکانی ئارکیۆلۆژیایە، ئەمەش لە ناونیشانەکەیدا دیارە، کەوا یارمەتیدەرە بۆ لەخۆگرتنی هزری ئارکیۆلۆژییانە. گێڕانەوەی حیکایەتەکان، جەوهەر و سیمای تێکستەکە دیاری دەکەن، چونکە حیکایەتەکان لەسەر بنەمای ئەزموونی شێوە ژیانی مرۆڤانێک گێڕدراونەتەوە، سروشتی ژیان و ژینگەی بیرکردنەوە بەرهەمی هێناون، پشت بە ئەفسانە و دونیای فانتازیا نەبەستراوە. ئەم ڕۆمانە مەبەستی گێڕانەوەی ئەفسانە نییە، بەقەد ئەوەی هزر و ژیانی سەردەمێک لە مرۆڤی پێشین پێکهێنەری بیری داهێنەرانەی تێکستەکەیە. دونیای بەردیدەخراوی نێو ڕۆمانەکە، لە ڕێگەی خەسڵەتە جیاوازەکانیەوە، بەشێکە لە پێکهاتەی ئاوەزی مرۆڤی دونیای پێشین.

ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە، لەنێو ئەو ڕۆمانەدا کەوا وەک ئەڵقەی پەیوەندیی نێوان ڕۆمان و ئارکیۆلۆژیا جەختی لەسەر کراوەتەوە، رابردوویەکە وەک شانازییەک بە گەنجینەیەکی گرانبەهای میللەت و شارستانیەتەکان و کۆمەڵی مرۆڤایەتی لە قەڵەم دەدرێت، لەم سۆنگەیەوە دەستگیرۆیی و پاراستنی ئەو رابردووە چەند چالاکی و پرۆژەیەکی پێویستە وەک بەکارهێنانەوەیان، خوێندنەوە، وردبوونەوە، لێکۆڵینەوە، ساغکردنەوەیان، پۆلینکردن و پیشاندان و ناسینەوەیان هێندەی تر گرنگ و پێویستترە. ڕۆماننووس "بەیان سەلمان" ئەمجۆرە وێنەخواستن و نیشاندانەوەیە بە شێوەیەکی گشتی لە چوارچێوەی شارستانیەتی (ماد)ەکان، تایبەت دەکات و بە گەواهیدانێکی حاشا هەڵنەگر دەناسێنێت. پتر لەمەش دەرکەوتن و بوونی گیانێکی ڕامیاری بەهێزی سەربەخۆ لەنێو ڕۆمانەکەدا ئاماژەی بۆ کراوە، هەروەها چۆنیەتی بەدەستهێنانی سەرمایە و قازانج و ڕاگیربوونی دۆخی ئابووری و بازرگانییان هەروەها وەدەستهێنانی زانیاری و جیۆگرافی لەڕێگای دۆزینەوەکانیەوە، کە هەموو ئەمانە بەسەریەکەوە بەڕوونی ڕووی شارستانیەتی (ماد)ـەکان پیشاندەدەن، لە هەمانکاتدا تاکەکانیان ڕۆڵیان هەبووە لە بڵاوبوونەوەی شارستانەتیەکەیان.

**یەکەم/ وێنە خواستن**

لە ڕۆمانی نەوەکانی مادایی، بەیانسەلمان وەک ڕۆماننووسێک هەوڵیداوە ئارکیۆلۆژیستانە مامەڵە لەگەڵ کەرەستە جێماوەکانی سەردەمانی پێشین بکات، لە ڕێگەی وێنەخواستنێکی ئارکیۆلۆژیانە توانیویەتی بۆ سەردەمانی تێدا ژیاوی نەتەوە وکۆمەڵگەیەک بمانباتەوە، هەربۆیە ڕۆڵی لە پێدانەوەی زانیارییەکاندا هەیە. لە بەشێکی ڕۆمانەکە، وێنای ئارکیۆلۆژیانەی بیناسازی مەملەکەتی(ماد)، وەک وێنەیەک نیشاندراوە لەسەردەمی مادەکانەوە خواستراوە، ئەمەش نیشانەیەکی

ڕوونە بۆ ئاوەدانی شار و شارستانیەتیبوون، هەر لە سەرەتای نیشتەجێبوونیانەوە، وەک مرۆڤ هەوڵیانداوە هارمۆنییەتێک لەگەڵ سروشتی تێدا ژیاویان دروست بکەن، بەمەش ئاوەزمەندییەکی ئەوتۆیان بەکارهێناوە، کەوا سەلیقە و چێژوەرگرتن لە وێنە دروستکردنیدا شوێنی خۆی پێوە دیارە. هاوشانی ئەمەش نەوەکانی مادایی لەگەڵ فراوانبوونی ئەرک و چالاکییەکانیان، پێویستییان بە پانتاییەکی بەرفراوانتر هەبووە، بۆ لەخۆگرتنی ئیش و کارەکانیان، هەربۆیەش دەستیان داوەتە دروستکردنی باڵەخانە و خانوو، ئەگەرچی لە ئامراز و کەرەستە سادەکانی ئەو سەردەم سوود وەرگیراوە، بەڵام ئەوەش لە یادنەکراوە، کەوا وێنەیەک نیشان بدرێتەوە گوزارشت لە شێوەی بیرکردنەوەیان بکات.

یەکێک لەو دیمەنە کاریگەرانەی نێو رۆمانەکە، ئەو وێنە خواستنە ئارکیۆلۆژییەیە، کەوا پیاوەکانی نەوەکانی مادایی وەک پۆشاک بەکاریانهێناوە، ئەمەش پتر وەک وێنەیەکی نەخشێنراوی تابلۆیەک وایە تاوەکو لە بیرەوەری نەوەی ئێستادا بە نەمری بمێنێتەوە، بۆیە رۆماننووس بە وشە ئەم وێنە خواستنەی، نیگارکێشاوە تاوەکو مەعریفەی ئەو هاوکێشەیە تەواو بکات، کەوا وێنەخواستن و وەرگێڕانی بۆ وشە ڕۆڵی سەرەکییان لە پێکهاتەیدا هەیە، بۆ ئەو مەبەستەش ئەوەندە بە لێهاتوویی وێنەکەی خواستووە، هەر حەز دەکەیت بە دیاریەوە سەرنجی بدەیت، لەم بارەیەوە دەڵێت: ((هەر کەسەیان لەسەر ئەسپێکە، بەرگی گونجاویان لەبەرە، بە نیوچە جەنگاوەرێک دەچوون، کراسەکەی سەرەوەیان هەتا سەر ئەژنۆ دەهات و لە خوارەوە لە نێوان رانیان توند کرابوو، پشتوێنێکی چەرمیان لە پشت بەستبوو، بەلایەکیدا چەقۆی پێدا شۆڕ بووبووەوە و بەلایەکەی تریدا یەکەم داهێنانەکانیان لە خەنجەر هەڵگرتبوو، مەچەکیان بۆ قۆڵیان بە چەرم پۆشیبوو)) (سەلمان، ٢٠١٢، ١١٠). لێرەوە ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە، ئەم شێوە

وێنە خواستنە ئەوە دەسەلمێنێ، کەوا لەنێوان نەریت و داهێنانەکانی مرۆڤی پێشین، شێوە بیرکردنەوەیەک بۆ مرۆڤی سەردەمی ئێستا دەسازێنێ، هەر ئەمەش وایکردووە ئەم رۆمانە پتر لەسەر ئەو وێنە خواستنانە بوەستێ، کەوا رەهەندی ئارکیۆلۆژیای لێوە دەخوێندرێتەوە.

بەیان سەلمان لەدوا لاپەڕەکانی رۆمانی نەوەکانی مادایی، ئاژاوەگێڕی، شەڕ، کوشتار، داگیرکردن و رووخان، کە رووبەڕووی شارستانیەتی مەملەکەتی (ماد)ەکان بوونەتەوە وێنەخواستنێکی لێوە سازاندووە. ئەندێشە و وێنای ئارکیۆلۆژیانەی رۆماننووس لەبارەی شارستانیەتی(ماد)ەکان، یان تۆمارکردنی سەرکەوتنەکان بەوە دەبێت کە شەڕ روونەدات و سەرکەوتنەکان بەبێ شەڕ و کوشتار بێنە ئاراوە، ئەگەرچی بەپێچەوانەوە ململانێ و ناکۆکی و شەڕوشۆڕ و ئاشووب و وێران و داگیرکاری، سەرکەوتنی(ماد)ەکان، لەپەلوپۆ دەخات و دەیانوەستێنێت، زۆربەی ئەم دۆخە نەخوازراوەی دووچاری شارستانیەتەکە بۆتەوە لە دەوروبەرە شەڕانگێزییەکەیەوە ئاراستە دەکرێن، نەوەک لە ناوەوە و لە نزیکەوە. رۆماننووس پێیوایە (ماد)ەکان داکۆکیکردن و پاراستنی شارستانەتیەکەیان بە مافی لە پێشینەی خۆیان دەزانن، کەچی هێزە داگیرکاریەکە تێکشکاندنی یاسا و دەستوور و سنوور و شارستانیەتەکە بە ئەرکی خۆیان دەزانن لە هەمان کاتدا رۆماننووس پێیوایە ئەم پرۆسەی داگیرکارییە دژ بە (ماد)ەکان بە قەد و قەبارەی شارستانیەتەکە بەرفراوان و هەمەگیربووە، بۆیەرێسای باڵا لەم پرۆسەی داگیرکاریەی تەنگ بە (ماد)ەکان هەڵدەچنێت بریتییە لە بەگەڕخستنی تواناکانی کوشتن و برین و تاڵانکردنی سامانی ماددی و مەعنەوی و سووتان و کاولکردن، ((دیمەنی مەملەکەتی مادایی گۆڕا بۆ مەیدانێکی دەستدرێژیکردن و مۆرکێکی وێرانە و شوێنەواری لە خۆ گرت... نەوەکانی مادایی کوژران... وێنە و نووسینەکانی سەر ئەم دیواری هۆڵە هێندە بۆیان سەیر و پڕ نهێنی بوو هیچی

لێتێنەدەگەیشتن... دەستەیەک پێکهێنرا بۆ سڕینەوە و گۆڕانکاری لە هەموو نەخش و نیگار و نووسینی سەر دیوارەکانی نێوەوە و دەرەوە) (سەلمان، ٢٠١٢، ٢١٩). کەواتە ڕۆماننووس بە ئەندێشە و وێنای ئارکیۆلۆژیانەی خۆی ئەو ڕاستییە ڕوون دەکاتەوە، ئەوەی وایکردووە چارەنووسی (ماد)ەکان، بەم شێوەیە بێت بریتی بووە لە جیاوازییەکان، جیاوازبوونی (ماد)ەکان لە بوونی زمان و کلتوور و سەرخان و ژێرخان و شارستانیەتیبوونیان، لە بەرامبەردا ئەوانیتر، بەدەست نەبوونی ئەمانەوە گیریان خواردووە، بۆیە هەر زوو هێزی شەڕوشۆڕ و داگیرکاری، پەلاماری یەکەبەیەکەی پایەکانی شارستانیەتی(ماد)ەکان دەدەن. هەروەها ڕۆماننووس لەم ڕۆمانەیدا پێیوایە (ماد)ەکان لەپێناو مانەوەی شارستانەتیەکەیان جەختیان لەوە کردۆتەوە کە تەنانەت لەگەڵ پرۆسەی شەڕ و داگیرکاری ئاشتی و ئاشتیخوازی بێت پێویستە، ئەم جۆرە لە بیرکردنەوەیەش لەلای (ماد)ەکان وەک کلتوورێکی کۆمەڵایەتی ڕەگی داکوتاوە، بەڵام لە دواجاردا هێزی شەڕوشۆڕ و کاولکاری و لۆژیکی هێز، شارستانیەتی (ماد)ەکان خامۆش دەکات.

لەچوارچێوەی دروستکردنی تەلارسازی، کۆمەڵێک بابەت بۆ ئێمە ڕووندەبێتەوە وەک بوونی ئارەزوو، هونەر، جوانی، توانا، توانستی ماددی و مەعنەوی، وردبوونەوە و تێڕامان....هتد، بۆیە ڕۆماننووس بەم شێوەیە لە وێنەخواستنێکیدا لەنێو ڕۆمانەکەی وێنەی خانووەکانی خواستووە و دەڵێت: ((لە مێژووی مادییدا ئەمە یەکە جارە داوایەکی وەها لە بیناسازێکی مەملەکەت بکرێ....... لە پێشاندا ئەو کەسانەیان هەڵبژارد لەوانی دی بەهێزترن تا بەردی زل بشکێنن، کەسانی شارەزا بۆ قوڕ سوورکردنەوە و خشت دروستکردن و پێوانەی ئەستووری و درێژی شێلمان و کۆڵەکەکانیان دەستنیشان کرد. وێنەی دەرگایەکی گەورەیان بۆ ڕواڵەتی کۆشک لەپێش چاو گرت و دارتاشەکان لەو ساتەوە دەستیاندایە داربڕین و تەختە دروستکردن..... لەلایەکی دیشەوە

سەقاڵەی بەرزتریان دروستکرد تا بەپێی نەخشەکەی ئیکباتان بگەنە ئاستی بەرزیی کۆڵەکەکان و دیوارەکانی کۆشک)) (سەلمان ،٢٠١٢، ٨٧). لێرەوە ئەم وێنە خواستنە ئەگەرچی دەرخەری سەربوردەی ژیان و چیرۆکی نەتەوەیەکە، کەچی لەوەش گرنگتر دەرخەری مێژوویەکە، ڕەسەنییەتی نیشانداوەتەوە. کەواتە لەم مەملەکەتەدا بەتەواوەتی هونەری خانوو و بیناسازی وەک خەون و خولیا بەرجەستە دەبێت، تایبەت بووە بە خۆیانەوە و شارەزایی و دەست ڕەنگینیان نیشاندەدات، بۆیە لەنێو ڕۆمانەکەشدا بەم شێوەیە گوزارشتی لێوە کراوە و دەڵێت: ((هیچ شتێک نەبوو لەوێ پەیامێکی جوانی لەدوا نەبێ و وزەی ئەو جوانیەی نەپاراستبێ، هەموو وەها بیری لێکرابووەوە کە ژیانیان بەخۆشی و ناسکی و پاکی رابگرێ، بیریان لە ژیان دەکردەوە)) (سەلمان، ٢٠١٢، ١٠٧). لێرەوە تێدەگەین ئەم هونەری خانوو و بیناسازییەی مەملەکەتی (ماد)، کە هەر تەنیا پەیوەست نەبووە بە لایەنی ڕووپۆشی، بەڵکو بەنێو پۆشەکەشی ڕەنگیداوەتەوە، سەرەڕای بوونی وێنە و تابلۆ و ڕەنگ و نەخشەسازییەکەی. بێگومان لایەنی ئارکیۆلۆژی ئەم خانوو و بیناسازییە بەشێکن لە پێناسەی مەملەکەت، ئەگەر بپارێزرێن بۆ قۆناغ و سەردەمێکی دوور و درێژ بە نەمری دەمێننەوە، سەرەڕای سەنگینی نرخی وێنە خواستنەکە، کە ڕاستەوخۆ بەشدار دەبێت لە گێڕانەوەی مێژووی ئەو شارستانیەتە.

### دووەم/ وێناکردنەوەی شوێن

ئەوەی لەم ڕۆمانەدا وەک تۆپۆگرافیایەکی ئارکیۆلۆژی نیشاندراوەتەوە، وێناکردنەوەی شوێنە، تیایدا سەرزەمینێک نیشاندراوەتەوە، وەک نەخشەیەک وایە، دەتوانرێ بە ئاسانی لێیەوە مەعریفەیەک لە هەمبەر مامەڵەکردن و چۆنیەتی بیرکردنەوەیان لەگەڵ شتەکانی دەوروبەریان ببینی، هەربۆیە ڕۆماننووس دەڵێت: ((شوێن بە

دەرکەوتنی خەڵکەکەی لەسەر ئەو خاکە وێنەیەکی سادەی وەرگرتبوو، کەچی لەو ساتە هەستیارانەدا گرنگی و ئاڵۆزیی ئەوەیان بۆ دەرکەوت، چ مەملەکەتێکی ئارام بوو، کەسەکانی لە دەرەوەی ئەویێ بوونیان هەر نەبوو، ئەوان بە مەملەکەتی مادابیەوە بەسترابوون)) (سەلمان، ٢٠١٢، ٥١). ئەوەی لێرەدا نیشاندراوەتەوە، ئەوەیە رەسەنییەتی و خودان ماڵی نەتەوەیەکە وەک پانتاییەکی جوگرافی نەوەک تێکەڵ بە هیچ ئایدۆلۆژییەکی سیاسی یاخود ئایینی کرابێت، ئەمەش هۆکارێکە بۆ شێوەی نیشاندانی ئارکیۆلۆژییانەی شوێن. ئەمەش بۆخۆی نیشاندانی ئەو بیرکردنەوەیەیە، کەوا رۆڵەکانی نەوەی مادایی هەوڵیانداوە پانتاییەکی زەوی بەتاڵ بۆ شارستانییەت و ئاوەدانکارییەکی ئەوتۆ بگۆڕن، ناسنامە و بوونی خۆیانی لێوە نیشان بدەن. بۆ ئەو مەبەستە چەندان هەوڵ و جووڵەی تایبەتییان لەمەڕ ئاوەدانکاریی شوێنەکەیان هەڵناوە، بۆئەوەی هارمۆنییەتێک لەگەڵ شوێنی نیشتەجێبوونەکەیان بسازێنن.

لە دووتوێی رۆمانی (نەوەکانی مادایی)دا، باس و خواسی ڕووداوی دروستکردنی بەلەم بەشێکی رۆمانەکە دەتەنێتەوە، ئاشکرایە (بەلەم=گەمی) ئامرازێکە بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت رێگاکانی ئاوی و تەنانەت سامانەکانی ئاوی بخاتە ژێر رکێفی خۆی، بێگومان گەر ئەو بەلەمە سادە و ساکارانە نەبوونایە کە لە رۆژگاری زوودا بە دار دروست دەکران، ئەوا لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا بەلەمی چارۆکەدار و ئەو بەلەمانەش بوونیان نەدەبوو کە بە بزوێنەر و خێراییەکی زۆر کاردەکەن، تەنانەت بوونی ئەو هەموو کەشتیگەلە پێشکەوتووە بە بیرۆکەی بوونی بەلەمی سادە و ساکار و لە دار دروستکراو هاتوونەتە ئاراوە، بە چەشنێک لە دنیای پێشکەوتووی ئەمڕۆماندای بەلەم و کەشتیگەلەکان هەر لەسەر ئاو نامێننەوە، بەڵکو لەڕێی ژێر دەرياییەکانەوە نهێنیی قووڵاییەکانی دەریاش دەدۆزنەوە. رۆماننووس

پێیوایە(ماد)ـەکان لەڕێی بەکارهێنانی ڕێگاکانی ئاوی و دروستکردنی بەلەمەوە تۆمارێکیتری ئارکیۆلۆژییانە زیاد بکەن، گرینگی و بایەخی شارستانیەتەکەیان هێندەیتر دەسەلمێنن، ((تووشاک کەوتە لێکدانەوە و کاری ئەندازیاری، بیرۆکەی چۆنیەتی دروستکردنی یەکەم بەلەمی لا لەدایکبوو...هەر بەلەمێک دەبوو چەند مەترێک درێژبن، چوار تا شەش کەس جێیان تێدا ببێتەوە)) (سەلمان، ٢٠١٢، ٧٩). گومانی تێدا نییە ڕۆمان و ئارکیۆلۆژیا لە چەندین ڕووەوە دەچنەوە سەر یەکتر، بۆ نموونە ڕووداوی دروستکردنی بەلەم، بەو وردەکارییەی لەنێو ڕۆمانەکە باسکراوە، جگەلە نیشاندانەوە و وێناکردنەوەی شوێن، هارمۆنییەتی ئاوەز و سروشتی تاکی ئەو سەردەم دەردەخات، هەربۆیە ئەگەر ئارکیۆلۆژیا لەنێو سیستەم و مەعریفەی خۆیدا، لەچوارچێوەی پانتاییەکی دیاریکراو، ڕووداوێک بگێڕێتەوە، ئەوا بەهەمان شێوە ئەم ڕۆمانەش لە دووتوێی مەعریفەی نێویدا ئەم ڕووداوەی تۆمارکردووە، کەوا ڕابردوو، ئێستا و ئایندەی لێوە دەخوێندرێتەوە، لێرەوەیە ئارکیۆلۆژیا و ڕۆمان لەمەڕ وێناکردنەوەی شوێن، پەیوەندییەکانیان دەسازێنن. لەوەش زیاتر، ئەم ڕۆمانە هاوشێوەی لێ خوێندنەوەی ئارکیۆلۆژییانە ئەوەندە بە قووڵی ڕۆچۆتە نێو نیشاندانەوەی شوێن و ڕووداوەکانی پەیوەست بە شوێنی وێناکراوی نێو ڕۆمانەکە، هارمۆنییەتی شوێن و شێوەی بیرکردنەوەیان بۆ دروستکردنی بەلەم تۆمارکردووە، لەم بارەیەوە ڕۆمانەکە وای وێناکردووە، ((هاوکارەکانی داری تریان دەنووساند بۆئەوەی بە چاکی وەک کەوانەیەکی گەورە بچەمێنەوە و قۆقزی و تیژیی بەشی دەرەوەی بەلەمەکە و دەرپەڕینی پارسەنگی لەسەر ئاوڕاگرێ. سەوڵەکانی بە هاوکاری هێزی پاڵنان دەجووڵێ. تووشاک هەر خۆی شلەمەنییە خەست و تاڵەی لە ڕەحمی دارەکانەوە دەردەچێت هەر ئەو کەتیرانەیە کە بۆ چەندین شت و لەوەوپێش بەکاریان هێناوە بۆ ئەمەش بە کەڵک دێت... بەو شێوەیە

یەکەم بەڵەم دروستکرا) (سەلمان،٢٠١٢، ٧٩).لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت (ماد)ـەکان توانیویانە بە هۆشیاریەکی وردەوە مامەڵە لەگەڵ سروشتدا بکەن و لە پێناوی بەرهەمهێنان و داهێنانی چەندین کەرەستە و ئامێر و هۆکار، ڕامیان بکەن، بێگومان کەلک وەرگرتن لە سروشت بەم شێوەیە و بەکارهێنان و بەرهەمهێنانەوەی بەڵگەیەکی ڕوونە لەسەر ژیار و ژیریی ئاوەزمەندانەی (ماد)ـەکان.

ئەم ڕۆمانە لەنێو سەرجەم حیکایەتە گێڕدراوەکانیدا پاژێکی تێدایە وەک لوغزێک بۆ نیشاندانەوە و وێناکردنەوەی ئارکیۆلۆژییانەی شوێن، بەمەش وەک باکگراوندێکی دونیای پشتەوەی حیکایەتەکان، پەیوەندییەک دەردەخات، ئەویش پەیوەندیی نێوان ئارکیۆلۆژیا و ڕۆمانە، هەربۆیە ئەم ڕۆمانە ڕێبەرێکی گوزارشتکەرە، گوزارشت لە وێناکردنەوەی شوێن و ئەو هزرەی لە پشت دروستکردنی ئامراز و داهێنراوەکانیەتی. لە ڕۆمانی (نەوەکانی مادایی)، مەبەستیەتی ئەوەمان بۆ ئاشکرا بکات کە سوود وەرگرتنی مرۆڤ بە میوزیک وئاوازە جۆربەجۆرەکان لە سروشتی مرۆڤەکاندا بە پێتی شوێنکاتی جیاواز بوونی هەبووە. بێگومان بەر لەشارستانەتیەکان میوزیک وئاواز بوونیان هەبووە، بەڵام لە چوارچێوەی شارستانەتیەکان بە شێوازی ڕێکخراو و پێشکەوتوو کاریگەرتر میوزیک و دانانی ئاوازەکەن دەشێت تاکەکانی ئایین و ئایینزایەک، تاکەکانی کۆمەڵگا و نەتەوە و شارستانیەتێک لە یەکترەوە نزیک بکاتەوە و بەیەکیانەوە گرێبدات، میوزیک و ئاواز بە دەنگ گوزارشت لەزمانی حەز و خولیا و ئەندێشە و هەست و نەستە مرۆییەکان دەکات ، ئەمە جیا لەوەی میوزیک و ئاوازەکان وەک کلتوور و کەلەپوور و کایەی هزری ڕۆشنبیری لە دواجاردا دەبێتە بەشێک لە پێناسە و شوناسی کۆمەڵگا و نەتەوە و شارستانیەتێک .

لەم سۆنگەیەوە (بەیان سەلمان) وەک ڕۆماننووسێک پێیوایە میوزیک و ئاواز لە شارستانییەتی (ماد)ـەکاندا گرنگیی خۆی هەبووە وەک پێویستییەک، هەست و نەستەکان، لایەنی کلتووری، دەروونی و کۆمەڵایەتی لەو شارستانیەتەدا بەرجەستە بووە و هەمووشیان گرێداوەتەوە بە شوێن. بێگومان خودی ڕۆماننووسیش ئەمەی بەهۆی ئەندێشە و وێنای ئارکیۆلۆژییانە بەرجەستە کردووە و لە چەندین شوێنی جیاوازی ڕۆمانەکەدا ئەمەی ئاشکرا کردووە. لە کاتێکدا هەموو تاکەکانی نەوەکانی مادایی بونیادێکی سروشتی بەیەکەوە دەیانبەستێتەوە، هەموو خۆیان بە لە دایکبووی یەک دایک و ئامێزی یەک باوک دەبینی، ئەوەش خاکی مادایی بوو (ڕووبارەکانی ئەو مەملەکەتە، بە تایبەتی رووبارە گەورەکەی سەرچاوەی ژیان و هەڵگری مێژووی شادیان بوو. ئاو هێندە بۆیان گرنگ بوو.... میوزیکیان لێ دادەهێنا. ئاو ومیوزیک لەلای ئەوان یەکبوو. ئەو ئاژەڵانەی دەخواردران نواتر و دەف و دەهۆڵیان لە پێستەکەیان دروستدەکرد، پاش مردنی کیسەڵ لە قەڵغانەکەی شمشاڵیان دادەهێنا. میوزیکلە نەوەوە بۆ نەوە هەروەک زمانەکەیان دەگوازرایەوە و پەیڕەوی یاساکانی دەکرا. زەرنەقووتەکانی هەستیان لەگەڵ ئاوازی رووبارەکان رابهێنن، بە نموونەی میوزیک و هۆزان سەما و هەڵپەڕکێ مەشقیان بە خەیاڵیان دەکرد) (سەلمان،٢٠١٢، ٢٠٩). کەواتە ئەندێشە و وێنای ئارکیۆلۆژیانەی ڕۆماننووس پێمان دەڵێت: لە چوارچێوەی وێناکردنەوەی شوێن و شارستانیەتی (ماد)ـەکاندا میوزیک و ئاواز تەنانەت دروستکردنی ئامێری ژەنین راستەوخۆ پەیوەستن بە سروشتەوە و لەوەوە سەرچاوەیان گرتووە، لەلایەکی ترەوە (نەوەکانی مادایی) هەروەک ڕۆماننووس نێویان دێنێت، میوزیک و ئاواز و ئامێرەکانی ژەنینیان بە مەبەستی خاوکردنەوە و ئارامکرنەوە و هەوادانی دەروونیان بەکارهێناوە و بوونەتە مایەی مەشقی شادی و بەختەوەریکردن و

فەرامۆشی توند و توورەییان. لەهەمانکاتدا لە شارستانیەتی (ماد)ـەکاندا مەسەلەی میوزیک و ئاواز بۆتە بەشێک لە کلتوور و شارستانیەتییان، بەو پێیەی کە میوزیک و ئاوازە هەمەچەشنەکان گیان و پێکهێنەری چێژ، خۆشی، ئەندێشە و لایەنی سۆزدارییین. سەرەڕای ئەمانە بەیان سەلمان، مەسەلەی میوزیک و ئاوازی پەیوەستکردووە بە وێناکردنەوەی شوێنەوە جا چ نووسین، یان ئاخاوتن بێت، میوزیک و ئاواز، هونەرێکە لەگەڵ شوێن یەکانگیرن و کاریگەرییان بەسەرلایەنی رۆحیی مرۆڤەکان و تەنانەت لایەنی هزرییان لە تێگەیشتن، یادەوەری و داهێناندا هەیە.

## سێیەم/ شێوەی ژیان و ژینگەی بیرکردنەوە

شێوەی ژیان و ژینگەی بیرکردنەوەی تێدا ژیاوی مرۆڤی پێشین، دەکەوێتە نێوان پەیوەندییە دیار و نادیارەکان، بەبێ ئەوەی ئارکیۆلۆژیا کورتی بێنێ. ئەگەرچی پەیوەندیی نێوان ئارکیۆلۆژیا و شێوەی ژیان و بیرکردنەوە، پەیوەندییەکی تیکچڕژاو و ئاڵۆزە، چونکە خودی ئارکیۆلۆژیا ئەوەندە فرە رەهەندە، لەسەرت پێویستە رەهەندە جیاوازەکان کۆ بکەیتەوە و پاشان بە مەسەلەی ژینگەی بیرکردنەوە و ژیان پەیوەست بکرێت. ڕۆماننووس لەڕێی دەقەکەیەوە، کەوا وەک تۆمارێکی ئارکیۆلۆژی وایە، هەوڵیداوە لە رێگەی رەهەندە جیاوازەکانی سەردەمێکەوە، ژینگە و شێوە ژیانی کۆمەڵگەیەک یاخود نەتەوەیەک بەیەکەوە پەیوەست بکات. ئەم پەیوەستکردنەش وەستاوەتە سەر دۆخی رۆشنبیری، بیروباوەڕ، دابونەریت و داهێنراوەکان...هتد. بۆ ئەم مەبەستە لەنێو رۆمانەکە لەمەڕ دۆخی داهێنراوەکان و پەیوەست بە ژینگە و ژیانیان، باس لە وردەکاری دۆخی پیشەسازی کراوە، تیایدا ئایدیا و شێوەی بیرکردنەوەیانی سەبارەت بە پیشەسازی خستۆتە ڕوو. لەڕووی پیشەسازی و بە دیاریکراوی پیشەسازی سەرەتاییەوە

دەشێت پیشەسازییە سەرەتاییەکانی ئەمڕۆمان لەچوارچێوەی ئەم شارستانیەتە پێشکەوتووەی دوێنێ بن، لەکاتێکدا ئەوە بۆ هەمووان ڕوونە، کە باس لە پیشەسازی دەکرێت جا لەهەر کونج و گۆشەیەک بێت بێگومان پێویستی بە چەند بنەما و بناغەی سروشتی و مرۆیی هەیە تاوەکو بخەملێت، بۆیە هەر ئەو بنەما و بناغە سروشتی و مرۆییانەش هۆکاری ڕاستەوخۆ و سەرەکیین. لە دووتوێی ڕۆمانی (نەوەکانی مادیی)یدا ئەم ئامێر و کەرستە و پیشەسازییە سادانە چەندینجار وێنە کراوەو بەرجەستە کراوە، ((زێڕینگرەکان لەسەر خواستی کچ و ژنەکان شێوەی قاڵبی گەڵا و گوڵ، باڵندە و گیانەوەری بچووک لە چەشنی پەپوولە، کوللە، هەنگ، خاڵخاڵۆکە، تەنانەت پیتەکانی مادایی و نووسینیشیان بۆیان دروست دەکرد ... دەیانزانی قۆپچە چییە و سەدان دانەیان لە شاخی کەڵەکێوی مامز دروست دەکرد و کونیان دەکرد)) (سەلمان، ٢٠١٢، ٣٥_٣٦). ئاشکرایە ئەم کەرستە و پیشەسازییە سەرەتاییانە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر و لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر دەگۆڕێن، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا گەر لەم کەلوپەلانە وردبینەوە دەبینین لەچوارچێوەی شارستانیەتی مەملەکەتی(ماد)دا، کەرستەی خاو بەردەست بووە، سەرچاوەکانی ژینگە و ژیان، گەر سەرەتاییش بووبێت بەکارهێنراون، لەگەڵ ئەوەشدا جموجۆڵ و چالاکی بازرگانی لە ئارادا بووە، سەرمایەگوزاری کەم تا زۆر بەهەر چەشنێک بێت دەستاو دەستی کردووە، هاتوچۆ و هۆکاری گواستنەوە، گەر سادەش بێت بوونیان هەبووە، هەروەها بوونی پانتایی گونجاو و شوێنی جوگرافی و ستراتیژی و ئاو و هەوای لەبار، لەپاڵ هەموو ئەمانەشدا بە ئاشکرا هەست بە بەرنامەڕێژی دەوڵەت دەکەین، کە ڕۆڵی بێ وێنەی هەبووە لە چەکەرەکردنی و بەرەو پێشبردن، کە مەبەستی لێی مەملەکەتی(ماد)بووە.

ڕۆماننووس بەهۆی ئەندێشەی ئارکیۆلۆژیانەی خودییەوە دەمانگەیەنێتەوە بۆ قۆناغی مێژووی کۆنی مرۆڤایەتی، بەڵام پەیوەست بە شارستانیەتی (ماد)ـەکانەوە بەتایبەت لەم خاڵەیدا کە (بەیان سەلمان) تیشک دەخاتە سەر پیشەسازی خۆراکیان، پێیوایە (ماد)ـەکان بە لێهاتوویی خۆیان وەرچەرخان لە مەسەلە و پرس و پێداویستی خواردەمەنی و خۆراکیدا یەکن، بە چەشنێک وەرچەرخانەکە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە (ماد)ـەکان قۆناغی کۆکردنەوەی خۆراکیان گۆڕییەوە و پەرەیانپێداوە بۆ قۆناغی بەرهەمهێنان و پیشەسازی خۆراک، (دەیان جۆر گوڵ و ڕووەکیان بۆ چا دروستکردن وشک دەکردەوە ... عەمبارەکان و گۆزەی قاورمەکان و هەموو جۆرە گۆزەی دۆشاو و ڕوبە و ڕۆن و مەشکەی پەنیری پێستە و گۆزەی هەنگوینەکانیان تاقیدەکردەوە و ئامادەیان دەکرد . بەردەوامیش تۆو داریان دەچاندەوە و ئاژەڵ و پەلەوەرەکان و گەنم و جۆ و دانەوێڵە بەرهەمی باشیان هەبوو، گەنم و جۆ پاککرابوونەوە، کوڵێنرابوون و هاڕدرابوون و ساوەر و برویش و ئاردیان لێ دروست کردبوو)(سەلمان، ٢٠١٢، ٩٤). لە سۆنگەی ئەوەوە (ماد)ـەکان توانیویانە قۆناغی دروستکراو و بەرهەمهێنان و پیشەسازی خواردەمەنی و خۆراک گەر بە سادەییش بێت تاقیبکەنەوە و بیچەسپێنن، لەهەمان کاتدا توانیویانە راستەوانە لەگەڵ گۆڕانکاری لە پێداویستییەکانی مرۆڤ ڕێبکەن. کەواتە بابەت و مەسەلەی ئاسایشی خۆراک هەر لەم سەردەمە هاوچەرخەی خۆماندا گرینگی و بابەتی نەبووە، بەڵکو (ماد)ـەکان لە زووەوە تەواو درکیان بەم بابەتە و مەسەلە هەستیارە کردووە، کاتێک لە دووتوێی رۆمانی (نەوەکانی مادیی)ـیدا باس لە ئاسایشی خۆراک دەکرێت، ئاسایشی خۆراک لەسەر کۆڵەگەی سیاسەتی کشتوکاڵ و هاندانی بەرهەمهێنانی ستراتیژی و چۆنیەتی عەمبارکردنیان لەلایەن (ماد)ـەکانەوە بونیادنراوە، ئەم سیستەمی ئاسایشی خۆراکی

(ماد)ـەکانیش پەیوەستە بە چەندێتی و چۆنیەتی بیرۆکە و بیرکردنەوەی ئەوان لەسەردەمێکی زوودا، بێگومان باشترین ڕێگا بۆئەوەی مرۆڤ جوولە بکات، یاخود بەرپەرچبداتەوە، پێویستە بیربکاتەوە.

لە پاژێکی دیکەی رۆمانەکەوە، ڕۆماننووس لە کلاوڕۆژنەی داب و نەریتی (ماد)ـەکان، لە شێوەی ژیانیانی ڕوانیوە. وای بۆ چووە ئەم شارستانیەتە بەهۆی داب و نەریتەوە خودان ئاوەزێکی تەندروست و هێز و بازوون، هەل و دەرفەتێکی لەبار بۆ تاکەکان دەڕەخسێنێت بۆئەوەی لە ململانێکان ڕۆڵی ئەرێنیی خۆیان ببینن. بۆ ئەم مەبەستە ڕۆماننووس ڕوویەکی ئارکیۆلۆژیانەی ئەم شارستانیەتە لەوەدا دەبینێتەوە، داب و نەریت وەک هۆشیاری جەستەیی و چالاکیەکانی وەرزش بوونیان هەبووە، ((زۆرانبازییان وەک یارییەکی پەسندکراو لە ئاهەنگ و بۆنەکانیاندا کردووە، لە دۆڵەکان پێشبڕکێیان بە ئەسپ و عارەبانە ئەنجام داوە، ڕێکەوتووە گوێز بگرنە یەک، مشتە گەنم بە سەروچاوی یەکدا بپرژێنن، لە ئاشدا دەموچاوی کەسێکیان بە ئارد بسوون، پەڕی باڵندە و پەلەوەرەکان ڕەنگ بکەن و پەڕبارانی یەکی پێبکەن)) (سەلمان، ٢٠١٢، ٦٣). لەم پەڕەگرافەی ڕۆمانی(نەوەکانی مادایی)ـیدا هەست بە ململانێی نێوان بەشێک لە چین و توێژەکانی شارستانیەتی ماد دەکەین، بەڵام ململانێیەک بارگاوییە بە هۆشیاری و زانین، ئەمەش شوناسی پێشکەوتنی شارستانیەتێک نیشاندەدات. سەرەڕای ئەمانە گەر وردتر لە وێنە و دیمەنەکان بڕوانین، زێتر ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە ئەمجۆرە بۆنە، نمایش، ئاهەنگ، کەرنەڤاڵ، ڤیستیڤاڵانەی هاوچەرخ و شارستانیەتە جیاجیاکان، ئاشکرا لە شارستانیەتی کۆن و بە دیاریکراوی لە شارستانیەتی (ماد)ـدا هەبوونە، ئەمەش بەڵگەیەکی ئارکیۆلۆژیانەی ڕوونە لەبارەی (ماد)ـەکانەوە، لە گەلێک بوار چاوکراوە و شارەزا و هۆشیار بوونە، هەر لێرەدا

ئاراستەی تاکەکان وەدیار دەکەون کە ئایە بەرەو پێشکەوتن یان بەپێچەوانەوە بەرەو داکشان و هەڵدێری سەختن. بێگومان لە دووتوێی ئەم ڕۆمانەدا ئاراستەی یەکەم بەرجەستەیە ئەمەش بە پشتبەستن بەوەی مەملەکەت و شارستانیەتی (ماد)ـەکان لەڕووی سەرچاوەکانی سروشت و تەنانەت سەرچاوەکانی مرۆییش خواپێداو بوون، هۆشیاری توانستی سەرچاوەی مرۆیی (ماد)ەکان وایکردووە دەست و پەنجەکانیان لەگەڵ سەرچاوەی سروشتی نەرم بکەن و بیکەنە هۆکاری بونیادنان و پێکەوەنان و پێشکەوتنی شارستانیەتەکەیان.

لە ڕۆمانی (نەوەکانی مادایی)ـیدا، دۆخی رۆشنبیری وەرگێڕدراوە بۆ مەسەلەی مەشق و ڕاهێنانی سەربازی و جبەخانە و ئامرازەکانی جەنگ و چاکسازی هاتۆتە ئاراوە لە چوارچێوەی شارستانیەتی (ماد)ـەکاندا، لەوانەیە ئەم مەسەلەیە تا ڕادەیەک نامۆ بێت بە کردەی نووسین و شارستانیەتیبوون و ئارکیۆلۆژیاوە، بەڵام ئەدەب و دەقەکانی ئەدەب ئەو بابەت و پرس و مەسەلانەی لووتیان تێدەژەنێت بێشومار و بێسنوورن. لە دیالۆگی نێوان ئەم دوو کارەکتەرەی ڕۆمانی(نەوەکانی ماد)ـیدا و ئەندێشەی ئارکیۆلۆژیانەی ڕۆماننووس دەستڕەنگینی (ماد)ـەکانمان، لە هونەری جەنگ و چاکسازی و سەربازی و چۆنیەتی ئاڕاستەکردنی سوپایەکی ڕێکخراو بۆ ڕوون دەبێتەوە، لێرە مادایی ڕوویکردە"دایووکۆ" و گوتی: ئەگەر وایە"دایووکۆ" دەستبەکاربەو ئەوجا ئاگاداریان بکەوە. با مەشقکردنیش هەر بەردەوام بێت، دروستکردنی شیر، پاچ، چەکوش، چەقۆ، تیروکەوان، نەوەستی، ئەسپو هێستر بە چاکی ناڵ بکرێن و زین بکرێن، ژمارەیەک کەرەبانیەی پەتەویدیکە دروست بکرێن، مەشق بە ژمارەیەک ئەسپ بکەن) (سەلمان، ٢٠١٢، ١٠٢). بێگومان پەنابردنی (ماد)ەکان بۆ مەشق و راهێنان و ئامرازەکانی جەنگ و چەکسازی و لەوەوە سەرچاوە گرتووە و پێیانوابووە بونیاد و بناغەی هەموو دەستپێکردن و سەرهەڵدانێک لە

ئاوڕدانەوەیەکی سەرکەوتوو دەبێت، بێگومان(ماد)ەکانیش بە ئاوڕدانەوەیان لە شارستانیەتەکەی خۆیان بڕوایان بە توانای خۆیان و متمانەیان بە بڕیاردانەکانی خۆیان هەبووە، پێیانوابوو مەشق و سوپایەکی بەهێز داکۆکیکردنە لە بوونیان وەک شارستانیەتێک. بێگومان شارستانیەتی زیندوو زێتر بە بەرهەمەکانی هزری دەناسرێنەوە کە هەر ئەم بەرهەمانە ڕۆڵی بێوێنەیان دەبێت بەیەکەوەنان و سازاندنی ئەو بەرهەمانە بەرجەستەن، تەنانەت خەڵکی ئاسایی و ڕەشۆکەش هەست بە بوونیان دەکەن.

لە ڕۆمانی (نەوەکانی مادایی)ـیدا، بەیان سەلمان بە ئاشکرا جەخت لە بیروباوەڕەکەیان دەکاتەوە، بۆنموونە کە باس لە مەسەلە و پرسی هەڵبژاردن و دیموکراسی دەکرێت راستەوخۆ دەیبەستینەوە بە شارستانیەت. بەیان سەلمان وەک ڕۆماننووسێک ئەمە ناڵێت و پشتڕاستی ناکاتەوە ، چونکە پێیوایە هەڵبژاردن و دیموکراسییەت لە چوارچێوەی شارستانەتی (ماد)ـەکاندا بۆتە بەشێک لە کلتووری سیاسی و حوکومڕانییان. لە لایەکی ترەوە ڕۆماننووس پێمان دەڵێت: کە ئەو مەسەلە و پرس و بابەتانەی کە پەیوەستن بە ئەندێشە و ئارکیۆلۆژیانەوە مەرج نییە خەسڵەت و تایبەتمەندیەتی و سیمای ماددیبوون و بەرجەستەبوونیان سەد لە سەد تێدا ڕەنگ بداتەوە، بەلکو لە ڕۆمانی (نەوەکانی مادایی)ـیدا ئارکیۆلۆژیای رامیاری شارستانیەتی(ماد)ـەکان بەزەقی ڕەنگیداوەتەوە، بۆ ئەم مەبەستە ڕۆماننووس لەڕێی ئەندێشە و وێنای ئارکیۆلۆژیانەوە لەسەر چەندان زاراوە و چەمک و مەبەستی رامیاری هەڵوەستە دەکات و ڕوونیان دەکاتەوە کە هەمووشیان پەیوەستن بە شارستانیەتی (ماد)ـەکانەوە، کە خۆیان لەمانە دەبیننەوە: بەڵگە، پلاندانان، توانا، متمانە، دەسەڵات، پێشنیاز، بڵاوکرنەوە، داهێنانی سیاسی، بازنە ڕێککەوتن، هەڵبژاردن، پرۆسەی جەنگدان، ڕاوێژکاری، خڕبوونەوەی خەڵک، جاڕی بانگەواز،

خزمەتگوزاری و لێکدانەوەی سیاسیی قووڵ بۆ رووداوەکان، مەرج، یەکسانی، چارەسەری لۆژیکی، قۆناغەکانی دەنگدان، هەڕەمەکی، نوێنەر، مەیدان، کێبڕکێ، پاڵێوران، هانی دەنگدەران، گرتنە دەسەڵات، ئەرکی قورس، باری فەرمی، قۆناغی پاش هەڵبژاردن، لێکۆڵینەوە، چاودێر.... هتد. ئەم زاراوە و چەمک و مەبەستە سیاسییانە و چەندانیتر لە رۆمانی (نەوەکانی مادایی)یدا رەنگیداوەتەوە، "بەیان سەلمان" پانتایی ئارکیۆلۆژیای سیاسی (ماد)ـەکان ئاشکرا دەکات، ((دەبێ لەم دوورۆژەدا چەند کەسێک لە نەوەی پێنجەم خۆیان بۆ ئەم مەسەلەیە تەرخان بکەن و بەهەموو مەملەکەت رابگەیەنن تابۆ بازنەکە بێنەوە و دەنگ بۆ کەسێک لە نەوەی حەوتەم بدەین... دەسەڵاتی مەملەکەت بگرێتە دەست و کار و گوزەران بەڕێوەبەرێ... ئێمە پێویستمان بە کەسێکی سەرکردە هەیە و بڕیاری لەسەر بدەین... لە ماوەی دوورۆژدا هاتوچۆ هەڵسەنگاندن پەرەکانی تاوتوێکراون... پاش جاڕی بانگەواز لەبازنەی خڕبوونەوەی خەڵکەکە لە سێیەم رۆژدا هەموو خۆیان بۆ پرۆسەی دەنگدان جێهێشت... لە هەمووشی گرنگتر دەبوو کەسەکە پێشتر کارێکی خزمەتگوزاری کردبێت و لێکدانەوەی سیاسیی قووڵی بۆ رووداوەکان هەبێ و کەسەکە بە توانا بێت، بزانێ یەکسانی و رەوا چییە...وای لێکردن بە یەکەم کەس مەملەکەتی مادایی بۆ گرتنی دەسەڵات دەستنیشان بکرێت)) (سەلمان، ٢٠١٢، ٧٥). کەواتە بەهۆی ئەندێشە و وێنای ئارکیۆلۆژیانەی رۆماننووس ئەمەمان بۆ تەواو روون دەبێتەوە شارستانیەتی(ماد)ەکان ویستوویانە و مەبەستیان بووە (گەل، لەڕێی هەڵبژاردنی نوێنەرێکەوە، یان سەرکردەیەکەوە حوکمی خۆی بکات) کە بێگومان ئەمەش پانتایی دیموکراسی دەگرێتەوە. لەهەمان کاتدا رۆماننووس دەیەوێت ئەوەمان پێبڵێت: ئەو ئاشتییە کۆمەڵایەتییەی کە لە شارستانیەتی(ماد) بەرقەراربووە و رێچکەی وەرگرتووە بەهۆی کلتوور و سیستەمێکە سیاسی کە بەخواستی زۆرینە بێت زێتر

دەخەملێت سەرەڕای ئەمانەش ڕۆماننووس بەهۆی بەرجەستەکردنی ئەندێشە و وێنای ئارکیۆلۆژیانەوە، پێمان دەڵێت:کەلە شارستانیەتی(ماد)ەکان، تاکەکان ئازادییەکی کەسێتییان هەبووە، تاکەکە توانیویەتی کاروباری خودییانەی خۆی رایببکات بەبێ ئەوەی زیانی بۆ ئەوانیتر هەبێت.

**ئەنجام**

• لە ڕووی وێنەخواستنی ئارکیۆلۆژییەوە، زنجیرەیەکی بە دوای یەکدا نەهاتووە، بەو مانایەی وێنەخواستن لەم جۆرە ڕۆمانەدا چوونەوەناویەکی سەیر دروست دەکات، ئەمەش زۆربەیجار فلاشباک یاخود یادەوەری، یاخود هێنانەناوەوەی کارەکتەری نوێ بۆ نێو بابەتەکە و تێکەڵکردنیان بە ڕەوتی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە، وا دەکات وێنەخواستن خۆی دەربخات.

• لە وێناکردنەوەی سروشت، زۆربەیجار تێکستەکان ئەوەندەی وەسف لەخۆدا هەڵدەگرن و روونکردنەوەی تێدایە و گێڕانەوەکان بەرەو پەراوێزی شتەکان دەبەن. بۆیەشە کرۆنۆلۆژی شتەکان زۆر پێویست نییە، بەمەش مەرج نییە بە ریزێکی زنجیرەیی ریزکراو پێشکەش بکرێت.

• لەم شێوازەی ڕۆماندا، ئارکیۆلۆژیا ناوێک بۆ ئیستەتیکی ڕۆمانەکە دیار دەکات، بەو مانایەی گێڕانەوەی ئارکیۆلۆژییانە ناسنامە بۆ تێکستی ڕۆمانەکە دەستەبەر دەکات.

• ئەم شێوازی کارکردنەی ڕۆمان، شێوەی ژیان و ژینگەی بیرکردنەوە کەوا لە بونیادی کارەکانیاندا شێوە گێڕانەوەیەکی ئارکیۆلۆژییانە لە وێناکردنەوەی فەراهەم کراوە، شێوازی گێڕانەوە هەمیشە بەشێوەیەکی زنجیرەیی یەک بە دوای یەک دونیای تێدا بینراوی نێو ڕۆمانەکە ناگێڕدرێتەوە.

• لەم ڕۆمانەدا نیشاندانەوەی وێنەخواستن، وێناکردنەوەی سروشت، شێوەی ژیان و ژینگەی بیرکردنەوە شێوەیەکی کرۆنۆلۆژی نییە، کەوا لەسەر هێڵێکی روون گێڕانەوەکان بە دوای یەکدا هاتبن، ئەمەش بۆ ئەو مەبەستەیە کەوا کاریگەری زیاتر دروست بکات، کەوا دەکات کۆی وێنەی سەردەمی گێڕانەوەکە نیشان بدات، یاخود کاریگەری دروستکردن لەسەر پوختەی گرێچن پاشان زیاتر جەختکردنە لەسەر ئەو هۆ و هۆکارانەی وایانکردووە، ڕووداوە گەورەکانی ئەو زەمەن و زەمینەی تێدا دروست بێت.

**سەرچاوە/ کتێبە کوردییەکان**

ئەحمەدزادە، هاشم (٢٠١٥)، جیهانی ڕۆمان، چاپی یەکەم، ناوەندی ئەندێشە، سلێمانی.

ئەحمەدزادە، هاشم (٢٠١٨)، گێڕانەوەناسی، چاپی یەکەم، چاپخانەی مانگ، سنە.

پامۆک، ئۆرهان (٢٠١٦)، ڕۆماننووسی سادە و ڕۆماننووسی بیرکەرەوە، وەرگێڕانی: بەکر شوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی.

حەسەن، حەمەسەعید (٢٠١٨)، ڕۆمان و ژیاننامە، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر، هەولێر.

سەلمان، بەیان (٢٠١٢)، نەوەکانی مادایی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سۆز، سلێمانی.

ئەلعەزاوی، د.عومەر جەسام (٢٠٢٠)، کورتەیەک لەبارەی شوێنەوارناسی: وەرگێڕانی عەبدوڵلا خورشید قادر، چاپی یەکەم، تاران.

محەمەد، مەسعوود (٢٠١١)، هەندێ بابەتی زمان و ڕێنووسی کوردی، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.

یاقووب، عەلی عوسمان (٢٠٢١)، ڕۆمان ژانری تەکنیکە جوانەکان و ڕەگەزە فرەڕەهەندەکان، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

**سەرچاوەی عەرەبی:**

نصير، ياسين (١٩٨٠)، الرواية والمكان، ط١، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، العراق.

**سەرچاوەی ئینگلیزی**

-Bachelard, Gaston (1994), The poetics of space Translated from the French by: Maria Jolas With a new Foreword by John R. Stilgoe Beacon Press , New York.

-Darvill, timothy (2003), the concise oxford dictionary of archaeology, Rutledge, London and New York.

-Foucault, Michel (2002), Archaeology of knowledge, translate by: A. M. Sheridan Smith, London and New York,.

- Fagan ,Brian M. and Durrani ,Nadia (2016), Archaeology A Brief Introduction(TWELFTH EDITION), Rutledge, New York.

- Gamble, Clive (2001), Archaeology: The Basics, Rutledge, London.

-Greene, Kevin (1995), ARCHAEOLOGY An Introduction(Third Edition Fully Revised) , Rutledge, London.

-Josie Gill, Catriona McKenzie & Emma Lightfoot,2018, 'Handle with care': literature, archaeology, slavery, Rutledge, London.

-Renfrew, Colin: Bahn ,Paul (2005), Archaeology: The Key Concepts, Rutledge, New York.

-Tonner, Philip. (2018), Dwelling Heidegger, Archaeology, Mortality, Rutledge, London and New York.

-Thomas, Julian (1996), TIME, CULTURE AND IDENTITY An interpretive archaeology, Rutledge, London.

**سایتی ئەلیکترۆنی:**

https://www.ldoceonline.com/dictionary/archeology

## الملخص

### آركيولوجيا والرواية: رواية بيان سلمان (أحفاد مادای) كمثال

هذا البحث الموسوم ب ( آركيولوجياوالرواية) ، إذ أخذت الدراسة رواية (أحفاد مادايي ـ بيان سلمان) عينة للدراسة، حيث أن الإنسان بطبيعته التكوينية والفكرية ينشغل بماضيه ويتعلق به، لذلك فإن آركيولوجيا و الرواية تصوران ذلك الماضي بأدواتهما وأسسهما المعينة، فكثير من الروائيين يسعون إلى أخذ نماذجهم القصصية والروائية من علم الآثار، يصفون بها تلك الأحداث التأريخية التي تكون ركنا مهما في السرد الروائي، وهذا ما يسمى بالفن الذي يقتبس من الماضي علاقات وطيدة بالحاضر، أي البحث في العلاقات الموجودة بين الماضي والحاضر لسرد الأحداث التأريخية ووصفها، وبهذا تكون المقومات الآثارية أدوات ومخلفات فنية للعمل الروائي.


**الكلمات الدالة/ آركيولوجيا، استعارة التصوير، تصوير الأماكن، طبيعة الحياة والبيئة الفكرية.**

# Abstract

## Archaeology and Novel:
## Bayan Salman's novel *Madai Descendants* as an example

This research is entitled ‘Archaeology and Novel’ and Bayan Salman's novel (Madai descendants) is taken as an example. Part of human beings’ lives, by their nature, is always viewed as something related to the past. From here, archaeology and novels are the same as in the past through their tools. Many novelists, hoping from archaeology, produce a story that tells the past, in which it acts as an expression of memories. To make a historical era, this is one of artmaking, which makes a connection between the past and the present, in which the remains of archaeology show themselves as a reaper.


**Key words**: archaeology, photography, location imagining, the nature of life and the environment of thinking..